حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، زانکۆی سەلاحەددین_ هەولێر

کۆلێژی پەروەردەی - مخمور

بەشی زمانی کوردی

قۆناغی دووەم

( پەرتووکی خولی خوێندن Course book )

| | |
|---|---|
| ناوی مادده | ڕستەسازی پراکتیکی ( کارەکی )<br>علم النحو التطبيقي<br>Applied syntax |
| قۆناغ | دووەم |
| ماوەی کات | ( ٣ ) کاتژمێر |
| ناوی مامۆستای مادده | د. أمير محمد محمدأمين |
| ئیمەیل | Amir.muhammadamin@su.edu.krd |

سالّی خوێندن

٢٠٢٣ _ ٢٠٢٤ز

د. أمير محمد

**پێشەکی:**

تاکو ئێستا ساکارترین پێناسە، کە بۆ زمان کرا بێت، ئەوەیە کە زمان ڕێگەیەکە بۆ دروستکردنی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕکردنی بیرە لە مێشکی مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر، لە بەر ئەوە ئەو کەرەسە زمانیانەی، کە لە مێشکی مرۆڤدان و ئەرکی پەیوەندیکردن جێبەجێ دەکەن، هەڵگری لایەنی زانین و زانیارین و پێکهاتوون لە وشە و فرەیزو ڕستە. هەر بۆیە زمانی مرۆڤ پێکهاتووە لە سیستەمێکی ئاڵۆزو تێکچرژاو، کەرەسەکانی زمان بەشێکە لەو سیستەمە. ئەمەش وا دەکات، کاتێك مرۆڤ زمان بەکاردەهێنێت، بۆ گواستنەوەی ئەو بیرەی، کە مەبەستیەتی دەریببڕێت، پێویستی بە وشە دەبێت، بۆ بە یەکبەستنەوەی وشە وفرەیزو پاڕستە و ڕستەکان بەمەبەستی گەیاندن و پێکهێنانی واتایەکی تەواو.

هەر بۆیە زمان دیاردەیەکی ئاڵۆزو تێکچرژاوە ، زمانەوانان لێکۆڵینەوە لەسەر زمان بە شێوەیەکی گشتی ناکەن، مەگەر دابەشی نەکەن بۆ چەند ئاستێك، ئەگەر بەگریمانەش بێت، هەر بۆیە زمانەوانان بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر زماندا ، زمانیان بۆ چەند ئاستێك دابەش کردووە ، کە بریتیین لە :

١. ئاستی دەنگ ←
- فۆنەتیك ( دەنگسازی گشتی )
- فۆنۆلۆژی ( دەنگسازی تایبەتی )

٢. ئاستی ڕێزمان ←
- مۆڕفۆلۆژی ( وشەسازی )
- سینتاکس ( ڕستەسازی)

٣. ئاستی واتا ←
- سیمانتیك
- پراگماتیك

ڕستەسازی کە لە زمانی عەربیدا بە ( علم النحو ) ناسراوە ، لە وشەی ( Syntaxis ) ی یۆنانیەوە هاتووە و بە واتای ڕێکخستن و ڕێککەوتن دێت و ئاستێکی گرنگی زمانە .

ڕستە سازی لە ڕستەی دەکۆڵێتەوە و فرێزیش بچوکترین دانەی ڕستەسازیە، ڕستەسازی لە لێکدانی وشەکان بۆ دروست بوونی فرێز دەکۆڵێتەوە .

گرنگترین ئەرکی ڕستەسازیش لە سەرێکەوە دیاریکردنی ڕستەی ڕێزمانی و ڕستەی ناڕێزمانییەوە لە سەرێکی تریشەوە ڕستە سازی تەمومژی ئاشکرا دەکات وا شمان لێدەکات پەی بە پەیوەندییە ڕێزمانییەکان ببەین .

ڕێزمان بە گشتی و سینتاکیش بە تایبەتی ڕۆڵێکی گرنگ لە زماندا دەبینن، هەر بۆیە بۆ یەکێ، کە بیەوێت فێری زمانی کوردی ببێت ، زۆری پێویستە شاروزاییەکی تەواوی لە ڕستەسازیدا هەبێت، هەروەها ڕستەسازی زۆر گرنگە، وەکو وانەیەك بۆ قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی، تاکو خوێندکار بتوانێت بنەماکانی زمانی فرەوانو پتەوو بەهێز بکات، هەر بۆیە لە قۆناغی زانکۆدا خوێندنی ڕستەسازی زۆر بە پێویست دەزانین، هەروەها خاڵێکی گرنگیش لەم لایەنەوە بەهۆی خوێندنی سینتاکیسەوە، بەستنەوە و گرێدانی پرۆگرامی خوێندنی بنەڕەتی و زانکۆیە بە یەکترییەوە .

ڕستەسازی قۆناغی سێیەم هەوڵێکە بۆ ئاشنابوونی قوتابییان و بابەتەکانی : ( پەیوەندی ڕستەسازی بە ئاستەکانی تر ، ڕستەو کەرەسە پێکهێنەکانی، شیکردنەوەی ڕستە، فرێز و جۆرەکانی، فراوانکردنی فرێزەکانی ڕستە، هێڵکاری درەختی ڕستە، ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە ، هەندێ لە پەیوەندییەکانی نێو دەق ، جولەو ئەرکی جێناوە لکاوەکان ، ..... )

**ئامانجی گشتی :**

١. خوێندنی ڕستەسازی فێرکردنی قوتابییانە لە لایەنەکانی خوێندن و نووسین و خاڵبەندی .

٢. هەست کردنی خوێندکار بە هەڵەو کەم و کوڕییەکانی نووسینی سەر تابلۆ و دوکان و شوێنە گشتییەکان .

٣. شارەزابوونی خوێندکاران لە زمان و ڕۆشنبیرکردن و تێگەیشتنیان لە نرخ و بەهای زمان و گەشەکردنی بیری نەتەوەیی خوێندکاران .

**ئامانجی تایبەتی :**

١_ . پێگەیاندنی خوێندکاران لە بوارەکانی نووسین و ڕاگەیاندن و ئەدەبدا .

٢_ ئامادەکردن وپێگەیاندنی نەوەیەکی نویٚ، ئاشنا بە زمان و ڕێزمانی نەتەوەکەیان و پێگەیاندنی مامۆستایان بۆ نەوەیەکی تری نەتەوەکەمان.

٣_ فێرکردن و ڕاهێنانی خوێندکاران بۆ چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای سەردەم لەسەر ئاستی زانکۆکانی جیهان .

**پرۆگرامی خوێندنی ڕستەسازی پراکتیکی، لە قۆناغی دووەم ٢٠٢٣_ ٢٠٢٤**

**ئاستەکانی زمان**

**١_ ئاستی ڕێزمان:**

**أ_ مۆرفۆلۆژی** Morphology :

**ب_ سینتاکس** Syntax:

**ڕستەسازی** Syntax

**پەیوەندی قوچەکی ئاستەکانی زمان**

**پەیوەندی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس**

**ئاستەکانی ڕستەسازی**

**أ_ ئاستی ڕستە لە ڕووی ڕۆنانەوە:**

**١_ ئاستی ستوونی ( پارادیگماتیکی )**

**ب_ ئاستی ڕستە لە ڕووی دەربڕینەوە:**

**ئاستی سەرەوەو ئاستی ژێرەوە:**

**کەرەسە ناسەرەکییەکانی ڕستە**

**١_ دیاریکار** Specifier:

**٢_ دەرخەر**Modifier :

**٣_ بەرکاری ناڕاستەوخۆ:**

**٤_ ئاوەڵکار ( ئاوەڵگوزارە):**

**ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە**

**چەمکی ڕێزمانی گواستنەوە**

**گوێزانەوە لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان وگوێزانەوەدا**

**یاساکانی گوێزانەوەو ڕستەی کوردی**

**شیکردنەوەی ڕستە**

**هێڵکاری درەختی بۆ ڕستە**

**فرەیز** Phrase

**تایبەتییەکانی فرەیز**

**کەموکوڕییەکانی یاساکانی فرەیز پێکهێنان** (PS rules)

**جۆرەکانی فرەیز**

**١_ فرەیزەی ناوی** Noun Phrase =NP

**٢_ فرەیزی کاری** Verb Phrase = VP

**٣_ فرەیزی ئاوەڵگوزارەیی** Adverb Phrase = AdvP

**٤_ فرەیزی ئاوەڵناوی**:Adjective Phrase

**فرەیزی پێشناوی** (Prepositional Phrase(PP:

**خاڵبەندی:**

**تێبینی:** دوو تاقیکردنەوە به خوێندکاران دەکرێت کە هەریەکەیان لەسەر ( ٢٠ ) نمرەیە .

## ئاستەكانی زمان

تاكو ئێستا ساكارترین پێناسە، كە بۆ زمان كرا بێت، ئەوەیە كە زمان ڕێگەیەكە بۆ دروستكردنی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕكردنی بیرە لە مێشكی مرۆڤێكەوە بۆ مرۆڤێكی تر، لە بەر ئەوە ئەو كەرەسە زمانیانەی، كە لە مێشكی مرۆڤدان و ئەركی پەیوەندیكردن جێبەجێ دەكەن، هەڵگری لایەنی زانین و زانیارین و پێكهاتوون لە وشە و فرەیزو ڕستە. هەر بۆیە زمانی مرۆڤ پێكهاتووە لە سیستەمێكی ئاڵۆزو تێكچرژاو، كەرەسەكانی زمان بەشێكە لەو سیستەمە. ئەمەش وا دەكات، كاتێك مرۆڤ زمان بەكاردەهێنێت، بۆ گواستنەوەی ئەو بیرەی، كە مەبەستیەتی دەریببڕێت، پێویستی بە وشە دەبێت، بۆ بە یەكبەستنەوەی وشە وفرەیزو پاڕستە و ڕستەكان بەمەبەستی گەیاندن و پێكهێنانی واتایەكی تەواو.

١_ ئاستی ڕێزمان:

أ_ مۆرفۆلۆژی Morphology :

لقێكە لە زانستی زمان، وشەسازی لێكۆڵینەوەیە لە زانستی ڕێزمانی وشە، واتە لە ڕۆنانی وشە دەكۆڵێتەوە، كە چۆن دروست بووەو مۆرفیمەكانی زمانەكە دەست نیشان دەكات و ئەو یاسایانەش دیاری دەكات ، كە ئەو مۆرفیمانە چۆن لێكدەدرێن و وشە دروست دەكەن، كە مۆرفیمەكانیش لێك دەدرێن بە پێی ژینگەی فۆنۆلۆژیان شێوەیان دەگۆڕێت.

ب_ سینتاكس Syntax:

لقێكە لە زانستی زمان، بە پێی دەستەیەك یاسای تایبەت بە زمانەكەوە وشەكان لێكدەدرێن بۆ داڕشتنی فرەیزەكان و بە هۆی دەستەیەك یاسای تر فرەیزەكان لێكدەدرێن بۆ داڕشتنی ڕستە، دیاریكردنی ئەو یاسایانە بە ڕستەسازی ناودەبرێت.

پەیوەندی نێوان وشەسازی و ڕستەسازی پەیوەندی بەشە بە گشت، وەكو پەیوەندی پێكهاتەی كەلوپەلی خانووە بە خانوو، كەواتە پەیوەنییەكی بەهێزو تۆكمە لە نێوان ئەم دوو ئاستەی زماندا هەیە، كە پێكهاتەی وشە بە بەشێكی گرنگ لەم پەیوەندییە دادەنرێت و دواتر بۆ یەكەی گەورەتر دەڕوات.

## ڕستەسازی Syntax

ڕستەسازی زاراوەیەکی زمانەوانییە، کە لە زمانی عەرەبیدا بە ( علم النحو ) ناسراوە، لە وشەی ( Syntaxis ) ی یۆنانیەوە هاتووە و لە دوو بەش پێکدێت: بەشی یەکەم ( Syn )، کە بە واتای پێکەوە هاتن دێت، بەشی دووەمیش ( taxis) بە واتای دانان و ئاستێکی گرنگی زمانە. ڕستەش گەورەترین دانەی سینتاکسییە لە زماندا. بەو پێیە ڕستەسازی لێکۆڵینەوەیە لە یەکگرتنی وشە لە ئاخاوتن و ڕستەدا. هەروەها ڕستەسازی لە لێکدانی وشەکان بۆ دروست بوونی فرێز و ڕستە دەکۆڵێتەوە .

### پەیوەندی قوچەکی ئاستەکانی زمان

پەیوەندی نێوان ئاستەکانی زمان لە پەیڕەوێکی قوچەکی بنیاتنراوە، کە بچوکترین دانەی زمان ئەو دەنگانەن ( فۆن )، کە ئەندامانی ئاخاوتن دروستیان دەکەن و گەورەترین دانەی سینتاکسیش لە زماندا ڕستەیە، لە ڕستەش گەورەتر دەق و پەرەگراف و ئاخاوتنە، بەم شێوەیە پەیوەندی قوچەکی ئاستەکانی زمان لەم هێڵکارییە درەختییە دەخەینەڕوو:

ڕستە

فرەیز فرەیز

وشە وشە وشە وشە

مورفیم مورفیم مۆرفیم مورفیم مورفیم

بڕگە بڕگە بڕگە بڕگە بڕگە بڕگە بڕگە بڕگە بڕگە بڕگە بڕگە

فۆنیم فۆنیم فۆنیم فۆنیم فۆنیم فۆنیم فۆنیم فۆنیم فۆنیم فۆنیم فۆنیم فۆنیم

فۆن فۆن فۆن فۆن فۆن فۆن فۆن فۆن فۆن فۆن فۆن فۆن فۆن فۆن

بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| گوڵێك هەڵوەری. | ( ڕستە ) |
| گوڵێك هەڵوەری | ( فرەیز ) |
| گوڵ ێك هەڵوەری | ( وشە ) |
| گوڵ ێك هەڵ وەری | ( مۆرفیم ) |
| گو ڵێك هەڵ وە ری | ( بڕگە ) |
| گ و ڵ ێ ك هـ ە ڵ و ە ر ی | ( فۆنیم ) |
| گ و ڵ ێ ك هـ ە ڵ و ە ر ی | ( فۆن ) |

## پەیوەندی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس

پەیوەندی نێوان وشەسازی و ڕستەسازی پەیوەندی بەشە بە گشت، وەکو پەیوەندی پێکهاتەی کەلوپەلی خانووە بە خانوو، هەر بۆیە وشەسازی لێکۆڵینەوەیە لە زانستی ڕێزمانی وشە. کەواتە پەیوەنییەکی بەهێزو تۆکمە لە نێوان ئەم دوو ئاستەی زماندا هەیە، کە پێکهاتەی وشە بە بەشێکی گرنگ لەم پەیوەندییە دادەنرێت و دواتر بۆ یەکەی گەورەتر دەڕوات. ڕستەسازی زاراوەیەکی زمانەوانییە بە واتای ڕێکخستنی کەرەسەکانی ڕستە دێت، کە لە پەیوەندی نێوان وشە و فرەیزو کەرەسەی سەرەکی و ناسەرەکی ڕستە دەکۆڵێتەوە. دواتر وشەکانی لە شێوەی یەکەی گەورەتر وەکو فرەیزو ڕستە خۆیان دەنوێنن، هەڵبەتە ئەم ئەرکە لە ئەستۆی ڕستەسازی دایە. مۆرفێم بریتییە لە بچوکترین یەکە ( دانەی زمان )، کە خاوەنی واتا یان ئەرکی ڕێزمانییە. هەروەها ( مۆرفێم ) یش ڕۆڵێکی گرنگی لە ئاستی وشە سازی و ڕستەسازی دا هەیە، بەتایبەتی لە پێکهێنانی یەکە ڕێزمانییەکاندا. واتە مۆرفێم کاریگەری زۆری لە سەر پێکهێنانی وشە وفرەیزو ڕستەدا هەیە. بۆ نموونە:

_ قارەمان دیارییەکی خۆی بۆ من هێنا.

_ قارەمان : وشەیەکی سەربەخۆیە( فەرهەنگییە)

_ دیاری :وشەیەکی سەربەخۆیە (فەرهەنگییە)

_ ی : ئیزافەیە ( ناوبەند )

_ ەك: مۆرفێمی بەندە( ناسیاوی)

_ ی: مۆرفێمی بەندە(خستنەسەر)

_ خۆی: وشەیەکی سەربەخۆیە( ئەرکییە)

_ بۆ : وشەیەکی سەربەخۆیە( ئەرکییە)

_ من: وشەیەکی سەربەخۆیە( ئەرکییە)

_ هێنا: وشەیەکی سەربەخۆیە( فەرهەنگییە)

بەم شێوەیە مۆرفێم و وشەکان لە ناو ئەم ڕستەیەدا ڕۆڵ و ئەرکی جیاجیا دەبینن و لە دەرەوەی ڕستەدا ئەم ڕۆڵ وئەرکە نابینن. ئەمەش وایکردووە، کە دیاریکردنی ئاستی وشەسازی وڕستەسازی لە ئاستێکی تری هاوبەشدا بەیەك بگەن، ئەویش پێکهاتەی مۆرفۆسینتاکسییە. هەر بۆیە لێرەدا بە پێویست دەزانرێت، پێناسەی مۆرفۆسینتاکس بکرێت. مۆرفۆسینتاکس ڕوو بە ڕوو بوونەوەییێکە، کە لە نێوان مۆرفۆلۆجی و سینتاکسدا ڕوودەدات، لە ئەنجامی ئەو ڕووبەروو بوونەوەیەدا کۆمەڵێ کەتیگۆری دێتە کایەوەو هەردوو سیما هەڵدەگرن و گەلێك بۆشایی و کەلێن لە ئاستی ڕێزمانی زمانەکەدا پڕ دەکەنەوە. لە ئاکامی بەیەکداچوونی ئەم دوو ئاستەی زمان واتە ئاستی وشەسازی و ئاستی ڕستەسازی گۆڕانکاری بەسەر کەرەسەکانیان دێت و شێوەیان دەگۆڕێت. (( مەبەست ئەو گۆڕانانەیە کە بە پێی ئەو ئەرکەی لە ڕستەدا دەینوێنێت و بە سەر فۆڕمی ئەو وشانە دادێت و خستنەڕووی پەیوەندییەکانی نێوان وشە و فرەیزەکانی ڕستەیە)) بۆ نموونە:

_ پارەکەم لە ئەو وەرگرت.
_ پارەکەم لەو وەرگرت.
_ پارەکەم لێ وەرگرت.

فۆڕمەکانی ( لە ئەو، لەو، لێ ) لە هەر سێ ڕستەکەدا لە ئاکامی تێکچرژان وبەناویەکدا چوونی ئاستی وشەسازی و ئاستی ڕستەسازی هاتۆتەکایەوە، گەرچی وشەی ئەرکییەکانی( لە ، ئەو) لە ڕستەی یەکەمدا ئەرکیان پێکهێنانی فرەیزی بەندە، دواتر لە ڕستەی دووەم وسێیەمدا شێوەکەیان گۆڕاوە بەلاّم ئەرك و واتایان نەگۆڕاوە، بەمەش لە هەرسێ ڕستەکەدا وشە ئەرکییەکان قالبێکی مۆرفۆسینتاکسیان وەرگرتووە. ئەوەی جێگەی سەرنجە لە زمانی کوردیدا هەندێك پێشناو شێوەیان دەگۆڕێت، بە تایبەتی لە گوێزانەوەی دیوی ناوەوەی چەمکی ڕستە و داڕشتنی نوێدا. بۆ نموونە:

_ قسەکەم بە ئەو وت. ( قسەکەم پێ وت)
_ ئاوەکەم لە پەرداخەکە کرد. ( ئاوەکەم تێ کرد)
_ من دەچم بۆ بازاڕ. ( من دەچمە بازاڕ)
_ کتێبەکەم لە ئەو سەند. ( کتێبەکەم لێ سەند)

بەم شێوەیە مۆرفۆسینتاکس ئەو ئاستە زمانەیە، کە لە ئاکامی پەیوەندی و بەناویەکداچوونی هەردوو ئاستی وشەسازی و ڕسەسازی پەیدادەبێت، بەوەی هەموو ئەو قالبە وشەسازییانە دەگرێتەوە، کە ئەرکیان لە ڕستەسازیدا هەیە، بە کەتیگۆرییە مۆرفۆسینتاکسییەکان ناودەبرێن، هەر بۆیە مۆرفۆسینتاکس پێکهاتەی فرەیز و پێکهاتەی ڕستەی کورتکراوەی تایبەت بە خۆی هەیە. بۆ نموونە : ( لە بازاڕ، بە ئێوە، لە کێ، بۆ خۆم ). وشە ئەرکییەکان ڕۆڵی گرنگیان لە مۆرفۆسینتاکسدا هەیە، هەر وەکو لەم فرەیزانە بەدیار دەکەوێت، کە وشە ئەرکییەکانی وەك: لە، بە، ئێوە، کێ، بۆ، خۆم. ڕۆڵ و ئەرکێکی گرنگیان لە پێکهێنانی ئەم فرەیزانەدا بینیوە.

## ئاستەکانی ڕستەسازی

دوای ئەوەی زمانەوانان بە مەبەستی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوە لە کەرەسەکانی زمان، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی، کە زمان بۆ چەند ئاستێك دابەش بکەن، تاکو بتوانن بە ئاسانی لێکۆڵینەوە لە سەر کەرەسەکانی زمان بکەن. هەر بۆ ئەم مەبەستەش ئاستەکانی ڕستەسازیشیان لە ڕووی ڕۆنان و دەربڕینەوە دابەش کرد، بۆ ئەوەی ئەو کەرەسە زمانیانەی زیاتر لە واتایەکیان هەیە و لێڵ واتای دروست دەکەن، ئەم گرفتە نەهێڵن و چارەسەری بکەن، چونکە زمان ئەرکی سەرەکی گەیاندنی واتایە، کەرەسە زمانییەکانیش لە مێشکی قسەکەر دایە و بە مەبەستی خۆی بەکاری دەهێنێت، لەم ڕوانگەیەوە سۆسێر ئاستەکانی ڕستەی لە ڕووی ڕۆنانەوە بۆ ئاستی ستوونی و ئاستی ئاسۆیی دابەشکرد و چۆمسکیش ئاستەکانی ڕستەی لە ڕووی دەربڕینەوە بۆ ئاستی سەرەوەو ئاستی ژێرەوە دابەشکرد.

أ_ ئاستی ڕستە لە ڕووی ڕۆنانەوە: کەرەسەکانی ڕستە لە کاتی ڕیزکردنیان بە دوای یەکترییەوە، دەبێت بە شێوەیەك بێت، کە لەگەڵ یەکتریدا بگونجێن بۆ نموونە دەبێت ڕێککەوتن لە نێوان بکەرو کار هەبێت و هەم کەرەسەکان بە پێی پۆڵەکانیانە دەبێت، لە ژینگەی یەکتریەوە بێن.

## ئاستی ستوونی و ئاستی ئاسۆیی[1] لە وشەی ئەرکیدا

**ئاستی ستوونی ( Paradigmatic) و ئاستی ئاسۆیی ( Syntagmatic) یەکێکە لە داهێنانە زمانەوانییەکانی، زمانەوانی سویسری فردیناند دی سۆسێر( ١٨٥٧_ ١٩١٣)، کە دەتوانێت پەیوەندی لە نێوان کەرەسەکانی زمان لە سەرجەم ئاستەکاندا پێکبهێنێت. ئەمەش وا دەکات، پەیوەندی ستوونی و ئاسۆیی لە ئاستی ڕستەسازیدا بۆ دەست نیشانکردنی وشە ئەرکییەکان وەك پێوانەیەك سوودی لێ وەرگیرێت.**

## ١_ ئاستی ستوونی ( پارادیگماتیکی )

**وشە ئەرکیەکان بەشێکن لە کەرەسەکانی زمان، بە پێی ئەو تایبەتمەندییەی، کە هەیانە دەتوانن لە شوێنی یەکتردا لە پەیوەندی ستوونی دابن. پەیوەندی ستوونی لە بونیادگەری سۆسێردا، ئەو جۆرە پەیوەندییە لە جیاتییە دەگەیەنێت، کە کەرەسەکانی زمان لەگەڵ کەرەسەیەکی تری زمان لە چوار چێوەیەکی دیاریکراودا هەیەتی، واتە لە پەیوەندی ستوونیدا جەخت لەسەر لە جیاتی دانان دەکرێتەوە، بە شێوەیەك، کە ئەو وشانەی لە دەرەوەی ڕستەکە دان، دەتوانن شوێنی هاوپۆڵەکەیان لە ڕستەکەدا بگرنەوەو ڕستەیەکی تر پێکبهێنن. وشە ئەرکییەکان دەتوانن لە پەیوەندی ستوونیدا ئەو ڕۆڵە بنوێنن، کە لە ڕوانگەی سوسێر ئەم جۆرە پەیوەندییە بە پەیرەو( System) ناودەبرێت. بۆ نموونە:**

**_ من ئەمە لە قوتابخانە دەناسم.**

**کەرەسەکانی ئەم ڕستەیە پێکهاتوون لە وشەی ئەرکی ( من) وەکو بکەر، وشەی ئەرکی (ئەمە) وەکو بەرکار، فرەیزی پێشناوی ( لە قوتابخانە) وەکو سەربار، ( دەناسم) وەکو کار، بەم شێوەیە دەکرێت، ژمارەیەکی تری ڕستە لە سەر بنەمای ( بکەر، بەرکار، سەربار، کار) دروست بکرێت، کە هەر کەرەسەیەکی ناو ڕستەکە لە پۆلی خۆی کەرەسەیەکی تری لە جیاتی دابنرێت، واتە بکەر لە جیاتی بکەرو بەرکار لە جیاتی بەرکارو سەربار لە جیاتی سەربارو کار لە جیاتی کار، بەم شێوەیە کەرەسەکانی زمان پەیوەندی ستوونی دەنوێنن، هەروەکو لەم نموونەیە دەیخەینەروو:**

**_ من ئەمە لە قوتابخانە دەناسم.          پەیوەندی ستوونی**

**_ ئەو ئەوانە لە بازاڕ دەناسێت.**

**_ تۆ ئەمەت لە هەندەران ناسی.**

**_ ئێمە ئەوە لە زانکۆ دەناسین.**

**_ ئێوە ئەمانەتان لە لادێ ناسیبوو.**

**_ ئەوان ئەمان لە شار ناناسن.**

**هەروەها هەندێك وشەی ئەرکی لێکدەر وەکو ( و، ئینجا، پاشان، بەڵام، کەچی ... هتد) لە ڕستەی لێکدراودا لە جیاتی یەکتر دێن و پەیوەندی ستوونی دروست دەکەن، لە هەمان کاتیشدا ئەم وشە ئەرکییە لێکدەرانە ڕستە سادەکان بەیەکترەوە دەبەستنەوەو پەیوەندییەکی ئاسۆیی دروست دەکەن و ڕستەی لێکدراو پێکدەهێنن. بۆ نموونە:**

**_ من هاتم و ئەو ڕۆیشت.          پەیوەندی ستوونی**

**_ من هاتم ئینجا ئەو ڕۆیشت.**

**_ من هاتم پاشان ئەو ڕۆیشت.**

---

[1] هەروەها زاراوەی هاونشینی بۆ پەیوەندی ئاسۆیی و زاراوەی جێنشینی بۆ پەیوەندی ستوونی بەکاردێت.

_ من هاتم بەڵام ئەو ڕۆیشت.

_ من هاتم کەچی ئەو ڕۆیشت.

پێشناوەکانیش وەکو وشەیەکی ئەرکی بە شێوەیەکی ستوونی لە ڕستەدا لە جێگەی یەکتریەوە دێن و شوێنی یەکتر دەگرنەوە. بۆ نموونە:

_ من میوە لە تۆ دەکڕم.        پەیوەندی ستوونی

_ من میوە بۆ تۆ دەکڕم.

_ من میوە بە تۆ دەکڕم.

_ من میوە بێ تۆ دەکڕم.

_ من میوە وەك تۆ دەکڕم.

دەبینین وشە ئەرکییە پێشناوەکانی وەکو ( لە، بە، بۆ، بێ، وەك ) لەم ڕستانەدا جێکەوتەی یەکترن، ئەمەش وەك پێوانەیەکە، کە هاوپۆڵەکان بە شێوەیەکی ستوونی تا ڕادەیەك لە توانایاندا هەیە، شوێنی یەکتر بگرنەوە. بەم شێوەیە پەیوەندی ستوونی لە سەر بنەمای لە جیاتی دانان بنیاتنراوە، دەکرێت هەر وشەو فرەیزێك شوێنی هاوپۆڵەکانیان لە ڕستەدا بگرنەوە، ئەرکی سینتاکسی و واتایی خۆیان بنوێنن و ڕستەی تر بەرهەمبهێنن.

## ٢_ ئاستی ئاسۆیی ( سینتاگماتیکی )

وشە ئەرکییەکان لە پەیوەندی ئاسۆییدا بە شێوەیەکی زنجیرەیی بە دوای یەکتریەوەو دێن، لەگەڵ کەرەسەکانی تردا ڕیز دەبن و ڕستە پێکدەهێنن. کەواتە (( پەیوەندی ئاسۆیی بریتییە لە پەیوەندییە ئامادەبووەکان، کە پشت بە دوو کەرەسە یان زێتر دەبەستێ، کە لە زنجیرەیەکی ڕاستەقینەدا هاتوون)). ئەم دوو کەرەسەیە یان زیاترەی لە ڕستەدا بە شێوەی هێڵێکی ئاسۆیی بەیەکەوە دێن، پێیان دەگوترێت پێکهاتە ( Structure). بۆ نموونە:

پەیوەندی ئاسۆیی ←

_ من بەیانی تۆ لە زانکۆ دەبینمەوە.

لەم ڕستەیەدا وشە ئەرکییەکانی( من، تۆ، لە ) لەگەڵ کەرەسەکانی تر لە پەیوەندییەکی ئاسۆییدان، ڕیزبوونێکی تایبەتیان هەیە، لە سەر بنەمای ( بکەر + ئاوەڵکار + بەرکار + سەربار + کار ) بە دوای یەکترییەوە هاتوون وبەیەکەوە لە پەیوەندیدان و پێکهاتەیەکیان لە نێو خۆیاندا دروست کردووە، کە بۆتە هۆی بەرهەم هێنانی ئەم ڕستەیە.

هەروەها وشە ئەرکییە لێکدەرەکان لە پەیوەندییەکی ئاسۆییدا ڕستە سادەکان بەیەکتر دەگەیێنن و ڕستەی لێکدراو پێکدەهێنن، لە ناو ڕستە سادەکانیش دا وشەی ئەرکی لەگەڵ کەرەسەی تردا بەشداری لە پێکهێنانی ڕستەکەدا دەکات. بۆ نموونە:

_ من لە خەو هەڵسام و چووم بۆ قوتابخانە ئینجا نیوەڕۆ گەڕامەوەماڵەوە.

سەرجەم کەرەسەکانی ئەم ڕستە لێکدراوە، بە شێوەیەکی ئاسۆیی بەدوای یەکتریەوە هاتوون، کە ئەرکی سینتاکسی و واتایی خۆیان لە ڕستەکەدا جێبەجێ کردووە. هەربۆیە ئەم ڕستە لێکدراوە (( لە ڕیزبوونێکی لۆژیکی و ڕێزمانی دان، هەر گۆڕانکاریەك لە جێگۆڕکێ کردنی وشەکاندا تەواوی واتای لۆژیکی و ڕپزمانی ڕستەکە دەگۆڕێ)). واتە ئەم ڕیزبوونە ئاسۆییەی ئەم ڕستە لێکدراوەی پێ بەرهەمهاتووە، ناکرێت پاش و پێش و جێگۆڕکێیان پێ بکرێت، چونکە دەبێتە هۆی ناتەواوی ڕستەکە لە ڕووی ڕێزمانی و واتاوە. بۆنموونە:

_ من له خەو هەڵسام و نیوەڕۆ گەڕامەوە ماڵەوە ئینجا چووم بۆ قوتابخانە.*

_ من نیوەڕۆ گەڕامەوە ماڵەوە و چووم بۆ قوتابخانە ئینجا له خەو هەڵسام.*

_ من چووم بۆ قوتابخانە و له خەو هەڵسام ئینجا نیوەڕۆ گەڕامەوە ماڵەوە.*

بەم شێوەیە وشە ئەركییەكان لەگەڵ كەرەسەكانی تری زمان له پاڵ ئەوەی، كه دەتوانن له شوێنی هاوپۆلەكانیان له ڕستەدا پەیوەندی ستوونی بنوێنن، له هەمان كاتیشدا به شێوەیەكی زنجیرەیی لەگەڵ كەرەسەكانی تری ڕستەدا له پەیوەندی ئاسۆییدان. كەرەسەكانی ڕستە له كاتی ڕیزكردنیان به دوای یەكترییەوە، دەبێت به شێوەیەك بێت، كه لەگەڵ یەكتریدا بگونجێن بۆ نموونە دەبێت ڕێككەوتن له نێوان بكەرو كار ( كەس و ژمارە ) هەبێت، وەك:

_ بەردەكە شكا.

_منداڵەكە ڕۆیشت .

ب_ ئاستی ڕستە له ڕووی دەربڕینەوە:

دەربڕین ئەو ڕێگەیە، كه مرۆڤ كەرەسە زمانییەكان به دوای یەكترەوە ڕیز دەكات و دەریان دەبڕێت، بۆ ئەوەی ئەو بیرەی له مێشكی هەیەتی به گوێگر بگەیەنێت، جا مرۆڤ له دێر زەمانەوە هەوڵی داوە له پێناو بەكارهێنانی كەمترین وزە، كەرەسەی زمانی كەم بەكار بهێنێت و زۆرترین واتا بگەیەنێت، بێ ماندوو بوون بەرامبەرەكەی تێبگەیەنێت.هەر بۆیە له زمانەوانی نوێدا دوو ئاست بۆ ڕستە دیاریكران، ئەوانیش ئاستی سەرەوەو ئاستی ژێرەوەن.

## ئاستی سەرەوەو ئاستی ژێرەوە:

ئاستی سەرەوە، خوێندنەوەو گۆكردنی ڕستەیە، هەرچی ئاستی ژێرەوەیە واتای ڕستە دەگەیەنێت. پێكهاتەی ژێرەوە زاراوەیەكی تیۆری بنەڕەتییە له ڕێزمانی پێكهێنەری گواستنەوەدا یاخود ڕێزمانی ژێرەوە بریتییە له نواندنی ئایدیایی سینتاكسی ڕستە. پێكهاتەی ژێرەوە لایەنێكی هەرە گرنگی تیۆری گوێزانەوەی چۆمسكی بوو. چۆمسكی باوەڕی وا بوو، كه هەر ڕستەیەك دوو ئاستی هەیە ئاستی ژێرەوەو ئاستی سەرەوە. له لایەكی ترەوە دەكرێت بڵێین ئاستی ژێرەوە واتای ڕستە دەگەیەنێت، هەرچی ئاستی سەرەوەیە خوێندنەوەی ڕستەكەیە.

بونیادگەرەكان تەنیا جەختیان له سەر ئاستی سەرەوەی ڕستە دەكرد، بەڵام به گوێرەی تیۆری گوێزانەوەی چۆمسكی وا ڕێكدەكەوێت، كه دوو ڕستە ئاستی سەرەوەیان وەك یەك بێت بەڵام یەكێكیان زیاتر له واتایەكی هەبێت، بۆ نموونە:

_ پێی دەخورێت.

١_ ئەو ( پێ ) ی خوراندنی پێویستە.

٢_ ئەو دەتوانێت، پێی خۆی بخورێنێت.

٣_ نانەکە به ئەو دەخورێت.

٤_ ئەو دەتوانێت، نانەکە بخوات.

هەروەها دەکرێت، دوو ڕستە، کە یەك ئاستی ژێرەوەیان هەبێت و یەك واتایان هەبێت، بەڵام دوو پێکهاتەی سەرەوەیان هەبێت.

١_ هێمن کوڕی ڕزگارە.

٢_ ڕزگار باوکی هێمنە.

## کەرەسە ناسەرەکییەکانی ڕستە

کەرەسە ناسەرەکییەکانی ڕستە پێکهاتوون لە: ( دیاریکار، دەرخەر، ئاوەڵکار، بەرکاری ناڕاستەوخۆ ).

### ١_ دیاریکار Specifier:

دیاریکار( Spec) وەکو بەشێکی ناسەرەکی بۆ زیاتر دەرخستن وڕوونکردنەوەی فرەیزی ناوی بکەرییەو بەشداری لە ڕۆنانی ڕستەدا دەکات و دەکەوێتە پێش فرەیزەکە، بە بێ مۆرفێمی خستنەسەری (ی، ە)و ئەرکی سەربار ( Adjunct) دەبینێت، هەر بۆیە بە لادانیان لە ڕستەدا کار لە واتای ڕستەکە ناکەن و ڕستەی ناڕێزمانی لێ ناکەوێتەوە. هەندێ لە وشە ئەرکییەکان بەمەبەستی خستنەڕووی زانیاری زیاتر لە بارەی فرەیزی ناوی بکەری ئەرکی سپێك دەبینن، ئەم وشە ئەرکییانەش پێکهاتوون لە: ( وشەی سەرسووڕمان، وشەی بانگکردن، جێناوی پرسی:( کام، چ...ێك، چەند)، جێناوی ئاماژەکردن، جێناوی دیار(هەر)، جێناوی نەرێ، جێناوی چەندێتی). بۆ نموونە:

_ ئافەرین تۆ بە یەکەم دەرچوویت!

_ هۆهۆ کابرا، وەرە لای ئێمە.

_ هەر هەموو گوڵەکان جوانن.

_ هیچ مامۆستایەك ئامادە نییە.

_ کام گۆڤار بۆ کتێبخانەیە؟

_ چ کتێبێك لە سەر مێزەکەیە؟

_ چەند گوڵ بۆ دیارییە؟

_ ئەم خانووە گەورەیە.

ڕەنگە دوو سێ سپێك بتوانن بەیەکەوە بێن، بەڵام ئەم سپێکانە (( بە پێی ڕێزمانی کوردی لە ژێر سایەی گەلێ کۆتبەندو گونجاندن کاردەکەن )). واتە دەبێت سپێکەکان بە پێی سیستەمی ڕێزمانی لەگەڵ یەکتر ڕێك بکەون، گەرنا ڕێگە پێنەدراون. بۆ نموونە:

_ چ ئەم خانووە گەورەیە.*

ئەو کەرسانەی وەکو دیاریکار دەکەونە پێش بکەر زیاتر ئەمانەن: ( وشەی ( هەر، تەنیا)، جێناوی ئاماژەکردن، جێناوی پرس، جێناوی چەندێتی ( ڕادە) ، جێناوی نەرێ، ئاوەڵناوی پلەی باڵا ) بۆنموونە:

_ سێ کەس هاتن.

_ جوانترین تابلۆ بکڕە.

## ٢_ دەرخەرModifier :

**دەرخەر بە پێی ئەرکی سینتاکسی وەکو بەشێکی ناسەرەکی بەشداری لە ڕۆنانی ڕستەدا دەکات و دەکەوێتە دوای فرەیزی ناوی بکەری، نیهاد یاخود بەرکاری ڕاستەوخۆ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ بە یارمەتی مۆرفێمی خستنەسەری (ی، ە) پەیوەندی سینتاکسی نێوانیان بەیەکتری دەبەسترێتەوە.(( لە ناو دروستەی فرێزی ناویدا ناوێك سەرێکەو ئەوانەی لە دەوروبەریدا دەردەکەون، دەرخەرن بۆ ئەو ناوە، دەرخەریش بەپێی ڕێسای سەرکۆتایی دەکەوێتە دواوەو ناوەکە لە سەرەتادایە)). هەر بۆیە دەرخەر ئەرکی سەربار لە ڕستەدا دەبینێت، بە لادانیان لە ڕستەدا کار لە واتای ڕستەکە ناکەن و ڕستەی ناڕێزمانی لێ ناکەوێتەوە. هەندێ لە وشە ئەرکییەکان بەمەبەستی خستنەڕووی زانیاری زیاتر لە بارەی فرەیزی ناوی بکەری ئەرکی دەرخەر دەبینن، ئەم وشە ئەرکییانەش پێکهاتوون لە:(( جێناوی کەسی، نیشانە، پرسیاری، چەندێتی،خۆیی، نادیار، دیار ، نەریٌ)).**

**_ برای ئەمە خانوو دەکڕێت.** **_ بارانێکی زۆر باری.**

**_ کوڕی کێ دێت؟** **_ کوڕەکەی تۆ زیرەکە.**

**_ماڵی ئێمە ڕووخا.**

**لەم ڕستانەدا هەریەکە لە وشە ئەرکییەکانی ( ئەمە، کێ، زۆر، تۆ، ئێمە ) بوونەتە دەرخەری فرەیزە ناوییەکانی پێش خۆیان و بە یارمەتی مۆرفێمی خستنە سەری ( ی) بە یەکترییەوە گرێدراون. هەروەها دەشێت ( ناو، ئاوەڵناو، ژمارە ) ببن بە دەرخەر، بۆ نموونە:**

**_ هەناری ترش دەکڕم.**

**_ ژوورەکەی ئاسۆ ڕووناکە.**

**_ هیوا لە کارگەی چیمەنتۆ کاردەکات.**

**_ خویندکارانی قۆناغی سێیەم دەخوێنن.**

## ٣_ بەرکاری ناڕاستەوخۆ:

**بەرکاری ناڕاستەوخۆ ئەو جۆرە بەرکارەیە، کە ڕوداوی کارەکەی ڕاستەوخۆ ناکەوێتە سەری و شێوازی پێکهاتنی لە پێشناو ( ئامراز ) لەگەڵ ناو یا جێناو پێکدێت، زۆر جاریش بەرکاری ڕاستەوخۆ لە پێشناو+ ناو یا جێناو + پاشناو پێکدێت.، بۆ نموونە:**

**بە تۆ، بۆ من، بە کارزان دا......**

**زۆر جاریش بەرکاری ڕاستەوخۆ بە هۆی پێشناو + ئاوەڵکار دروست دەکرێت، بۆ نموونە: بە لێزمە، لە سەر بانەکەدا......**

**بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە ڕۆناندا فرەیزی پێشناویدا دەردەکەون، ئەرکێکی تری سینتاکسی وەك سەربار لە ڕستەدا دەبینێت. مەبەست لە سەرباریش ئەو کەرەسانەن، کە لادانیان هیچ کارێك ناکاتە سەر لایەنی واتاو ڕێزمانی ڕستە، بەڵکو ئەرکیان تەنیا پیشاندانی زانیاری زیاترە دەربارەی لایەنەکانی ڕووداو. کەواتە فرەیزی پێشناوی سەربار لادانی لە ڕستەدا کار ناکاتە سەر لایەنی واتاو ڕێزمانی ڕستە، بەڵکو هاتنی لە ڕستەدا پەیوەندی نێوان بکەر و کارو شێوەی ئەنجامدانی کارەکە لە لایەن بکەرەوە زیاتر روون دەکاتەوە. بۆ نموونە:**

**_ ئێمە بێ ئێوە گەشت ناکەین.** **_ ئەو هەواڵەکەی بە ئێمە گەیاند.**

**_ هۆنراوەکە وەك خۆی بخوێنەوە.** **_ کراسێکم بۆ تۆ هێناوە.**

**_ منداڵەکە لە تۆ دەترسێت.**

م. ئەمیر محمد

**لەم ڕستانەدا فرەیزە پێشناوییەکانی (بێ ئێوە، بە ئێمە، وەك خۆی، بۆ تۆ، لە تۆ) ئەرکی سەرباریان لە ڕستەکانیاندا بینیوە، هەر بۆیە گەر لە ڕستەدا لابدرێن یان جیگۆڕکێیان پێ بکرێت، کاریگەریان لە سەر لایەنی واتاو ڕێزمانی ڕستە نابێت، چونکە لە ئەرکی فرەیزی پێشناوی سەرباری دان. بۆنموونە:**

**أ_ لادان:**

**_ ئێمە گەشت ناکەین.** **_ ئەو هەواڵەکەی گەیاند.**

**_ هۆنراوەکە بخوێنەوە.** **_ کراسێکم هێناوە.**

**_ منداڵەکە دەترسێت.**

**ب_ جێگۆڕکێ:**

**_ بێ ئێوە ئێمە گەشت ناکەین.** **_ ئێمە گەشت بێ ئێوە ناکەین.**

**_ ئێمە گەشت ناکەین بێ ئێوە.**

**هەروەها لە ڕستەیەکدا دەتوانرێت، دوو فرەیزی پێشناوی سەربار، یان زیاتر بەیەکەوە بێن. بۆ نموونە:**

**_ دارا نامەکەی لە ئازادەوە بۆ تۆ هێناوە.**

**هەروەها ئەگەر هاتوو هەندێ کەرەسەی زمانی وەکو: ئاوەڵناو، ژمارە لە دوای پێشناو هاتن ئەوا ئەم کەرەسە زمانییانە نابن بە بەرکاری ڕاستەوخۆ بەڵکو کەرەسەکانی دوایان، دەبن بە بەرکاری ڕاستەوخۆ، بۆ نموونە:**

**_ هاوکار لە دووەمین ڕیزە.**

**_ هاوڕێ لە جوانترین یاری کەرەکانی تیپەکەیە.**

## ٤_ ئاوەڵکار ( ئاوەڵگوزارە):

**کاتێك فرەیزی ئاوەڵگوزارەیی لە ئەرکی سەرباردا لە فرەیزی پێشناوی پێکدێت، زانیاری زیاتر لە بارەی کات و شوێن و چۆنیەتی.....هتد ڕوودانی کارەکە دەخاتەڕوو، واتە هاتنی فرەیزی ئاوەڵگوزارەی سەربار لە ڕستەدا کەرەسەیەکی ناسەرەکییە، هەر بۆیە لادانی لە ڕستەدا بە ئارەزووە( Optinal)، هەبوونیشی پەیوەندی سینتاکسی و واتایی نێوان بکەرو کار زیاتر ڕوون دەکاتەوە. بۆ نموونە:**

**_ ئۆتۆمۆبێلەکە بەخێرایی دەڕوات.**

**_ چاکەم لە ژێرپیاڵەکە خواردەوە.**

**_ نازەنین لە کتێبخانە دەخوێنێت.**

**_ بەیانی دەچم بۆ سلێمانی.**

**_ ئەمساڵ باران زۆر دەبارێت.**

**هەروەها دوو ئاوەڵگوزارە یاخود زیاتر دەتوانێت لە ڕستەیەکدا بەیەکەوەبێن، بەڵام ئەگەر ئاوەڵگوزارەی کاتییان لەگەڵ بوو، ئەوا دەبێت ئاوەڵگوزارە کاتییەکە لە پێش ئاوەڵگوزارییەکانی ترەوە بێت. بۆ نموونە:**

**_ نازەنین لە بەیانییەوە لە کتێبخانە دەخوێنێت.**

**_ لە کەرکوك تا هەولێر بە پێ هاتووین.**

# ڕێزمانی  بەرهەمهێنان و گوێزانەوە

(بلاّوبوونەوەی "ڕۆنانە سینتاکسیەکان" ی چۆمسکی لە ١٩٥٧ دا  سەرەتایەکی گرنگ بوو سەبارەت بە لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی و سەرهەڵدانی قوتابخانەیەکی گەورەی تیۆری زمان ، کە جیاوازیەکی زۆری هەبوو لەگەل قوتابخانەکانی تری لێکۆلینەوەی زمانەوانی دا و وەرچەرخانێکی گرنگی  دروستکرد لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی  دیراسەکردنی زماندا ، چۆمسکی دامەزرێنەری قوتابخانەی بەرهەمهێنان وگوێزانەوە سەرەتا لێکۆلینەوەکانی  لەناو پانتاییەکی دیراساتی بونیادگەریدا دەستیپێکردو لەوێوە لە سەر زمان وەستا ، بەلاّم لە ئەنجامی تێبینی و کردەی تێڕامانی قوڵەوە توانی بونییادگەرییەکان تێبپەڕێنێ و لێکۆلینەوەی ڕێزمانی بە ئاراستەیەکی تردا بەرێت ،بەوەی سەر لەنوێ بە دوای واتای وردو قووڵی و ڕێزماندا گەڕاو هەوڵی  دەستنیشانکردنی ماهیەت و سنورەکانی دا و " ڕێزمانی لە بیرۆکەی(ئەگەرە ئامارییەکان جیاکردەوە و بردە دەرەوە، بەلاّم لەم قۆناغەدا چۆمسکی واتای پشت گوێ خستبوو.

(ڕێزمانی بەرهەمهێنان وگوێزانەوە کار لەسەر بەدیارخستن و دەستنیشانکردنی یاساکانی توانست  دەکات و بایەخێکی ئەوتۆ  بەدیوی چالاّکی زمان نادات)*

( توانست ئەو زانیارییانەیە کە یاساکانی ڕێزمان  لە خۆ دەگرێت و دەشتوانێت پێمان بلێت لە کوردیدا رستەی (١) و(٣) ڕێزمانییە و رستەی (٢) نارێزمانییە

١_ ژنەکە دەستی منالّەکەی شوشت.

٢_شوشت دەستی منالّەکە ژنەکە.

٣_دەستی منالّەکە ژنەکە شوشتی.)*

(چۆمسکی باوەڕی وایە کە ئەو چەند ڕێسایەی  لە عەقلی  مرۆڤ دایە دەتوانی  ژمارەیەکی بێ کۆتا رستەی نوێ دروست بکات.)

چالاّکی بە کارهێنانی یاساکانی ناو مێشکە لە کاتی ئاخاوتندا بە دیار دەکەوێت.

---

چۆمسکی لە ڕۆنانە سینتاکسیەکان بۆ شسیکردنەوەو وەسفکردنی زمان ئاماژە بە سێ جۆر یاسا دەکات، ئەوانیش:

١_ ڕێزمانی بارەسنوردارەکان.

٢_ یاساکانی فرەیز پێکهێنان.

٣_ ڕێزمانی گوێزانەوە.

١_ ڕێزمانی بارەسنوردارەکان: ئەم سیستەمە پشت بەو بۆچوونە دەبەستێت، کە دەڵێت: ڕستەکان بە هۆی زنجیرە هەڵبژاردنێك، کە بە ئاڕاستەی لە چەپەوە بۆ ڕاست ( بۆ زمانی ئینگلیزی ) بەرهەم دێن و تێیدا هەر کەرەسەیەك کەرەسەی دوای خۆی لە زنجیرەکەدا هەڵدەبژێرێت، ئەم سیستەم تەنیا دەتوانێت ژمارەیەکی زۆر کەم ڕستە بەرهەم بهێنێت، بۆ نموونە:

_  ( سەرەتا )        ئەو کوڕە زیرەکە دەرچووە.   ( کۆتا )

_ ئەو چاڵە قووڵە پڕ بکەوە.

_ ئەو مارە ڕەشە کوشندەیە.

٢_ یاساکانی فرەیز پێکهێنان: دوای سیتەمی ڕێزمانی بارەسنوردارەکان، چۆمسکی سیستەمێکی لە بارتری هێنایە کایەوە، بۆ شیکردنەوەی پێکهاتەکانی فرەیزی ڕستە ئەویش بە ناوی یاساکانی فرەیز پێکهێنان ( PS rules) بوو.

1_ S ⟶ NP + VP

VP ⟶ V + NP

NP ⟶ DET + N

V ⟶ AUX + V

2_ DET ⟶ The, a …

N ⟶ Man, book….

AUX ⟶ Will, can…

V ⟶ hit, read…

بەم شێوەی چۆمسکی هەشت یاسای فرەیز پێکهێنانی داڕشت، کە گرووپی یەکەم پەیوەندییان بە ڕێزمانەوە هەیە و گرووپی دووەم پەیوەندییان بە فەرهەنگی زمانەوە هەیە.

هەروەها یاساکانی فرەیز پێکهێنان ( PS rules) لە زمانی کوردیدا، بەم شێوەیەیە:

١_ ڕستە ⟵ ف ن + ف ك

٢_ فرەیزی ناوی ⟵ ناو + ( نیشانە )

٣_ فرەیزی کاری ⟵ ( ف ن ) + ك

٤_ فرەیزی پێشناوی ⟵ پێشناو + ف ن

## چەمکی ڕێزمانی گواستنەوە

(چەند جۆرێك لە رێزمانی پێکهێنەر هەیە ئەو هەمە جۆریە پەیوەستە بە جۆری ئەو یاسایانەی بەکار دێن بۆ دروست کردنی رستە. چۆمسکی زیاتر پەسەندی ئەو جۆرە رێزمانە دەکات کە پێی دەڵێ( رێزمانی گواستنەوە )پاساوی چۆمسکی بۆ پەسەندی ئەو رێزمانە وەك خۆی دەڵێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تەنها بە پێی یاسای گواستنەوە چەندەها رستەی تر لە رستەیەك دروست بکرێت.

A

B C

D E F

هەریەك لە A B C پێیان دەوترێ NODE فرەیز. فرەیز بریتییە لەو شوێنەی کە دوو لق بەیەك دەگەن . فرەیزی A راستەوخۆ زاڵە بەسەر C B بەهەمان شێوە فرەیزیB زاڵە بەسەر D E و C یش زاڵە بەسەر F . بێگومان فرەیزیA بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ زاڵە بەسەر D E F)

(ئەو فرەیزەی، بۆ نموونە، بکەوێتە جێکەوتەی بکەرەوە دەبێت بە بکەری رستە، گەر بە هەمان فرەیز جێکەوتەی بەرکار پڕبکرێتەوە، دەبێت بە بەرکاری ناو ڕستەکە .

١_ئازادی برام نان دەخوات.

٢_تۆ ئازادی برام دەناسیت.

## گوێزانەوە لە رێزمانی بەرهەمهێنان وگوێزانەوەدا

(کردەی گوێزانەوە لە رێزمانی بەرهەمهێنان وگوێزانەوەدا کردەیەکی بنەڕەتییە بۆ رۆنانی ڕستە چونکە بە بێ ئەمە تیۆری رێزمان ناتوانێت دیاردەی رۆنانی رستە بە تەواوی شی بکاتەوەە و لە سنورێکی نزمدا رادەوەستێت کە سنوری دەرهێنانی دانە زمانییەکان لە فەرهەنگ، بۆیە بیرۆکەی گوێزانەوە دەتوانێت کێشەی هەنگاوەکانی دیکە ی رۆنانی رستە چارەسەر بکات لە رێگەی یاساکانییەوە)

## سروشتی کردەی گوێزانەوە

(یاساکانی گواستنەوە لە رێزمانی بەرهەمهێنان وگواستنەوەدا ئەوانەن کە ئاستی ژێرەوە لەگەڵ ئاستی سەرەوەی رۆناندا بەیەکەوە گرێ دەدەن واتە یاساکانی گواستنەوە ئاستی ژێرەوە وەردەگرێ و چەند کردەیەکیان بەسەردا جێبەجێ دەکات پێش ئەوەی بیان گەیەنێتە ئاستی سەرەوە )

(پیکهاتەی  گوێزانەوە کە دەست بەکار دەکات لە سەر بەجێ گەیاندنی کردە ڕێزمانییەکانی گوێزانەوە واتە کردەی گوێزانەوە پەیوەندی نێوان ڕۆنانی ژێرەوەو سەرەوە نییە بەلکو بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت بڵێین کۆمەڵێك کردەی گوێزانەوە بەشداری لە بەرهەمهێنانی ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەدا دەکات و زۆربەی رستەکان لە ڕێگەی زیاتر لە گوێزانەکەیەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ئاستی ڕۆنانی سەرەوە ،ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گوێزانەوە لە ڕۆنانی ژێرەوە دەست پێ دەکات و بەرۆنانی ناوەند _یان ڕۆنانە ناوەندییەکا دا تێ پەڕ دەبێت بەرەوە ڕۆنانی سەرەوە :

_ ئومێد زۆر دوورە لە شەڕکردن                رۆ_ سەرەوە

کاتێك بە شێوەیەکی ورد قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی ئەم ڕستەیەو گوێزانەوەکانی شی دەکرێتەوە ،ئەوە دەردەکەوێت کە ئەم ڕستەیە بەم قۆناغانەدا تێ دەپەڕێت:

١_ ئومێد زۆر دوورە لەوەی کە شەڕ لەگەل خەڵك بکات.   رۆ_ژێرەوە

٢_ ئومێد زۆر دوورە لەوەی کە شەڕبکات.        رۆ_ناوەند١

٣_ ئومێد زۆر دوورە لەوەی شەڕبکات.        رۆ_ناوەند٢

٤_ ئومێد زۆر دوورە لە شەڕکردن .        رۆ_سەرەوە

**یاساکانی گوێزانەوەو ڕستەی کوردی**

**یاساکانی گوێزانەوەلە رووی سروشتی هەلکەوتنی ڕێزمانیانەوە یەکن بەلاٌم ( لە جۆری پیادەکردنیان لە سەر رستەو ئەو ئەرکەی دەیبینن جیاوازیان هەیە بۆیە دەکرێت بە شێوەیەکی گشتی دابەشی دووجۆر ببن)**

---

**١_ یاساگشتی یەکانی گوێزانەوە :** ئەم یاسایانە لە سەر دوو ڕستەی بەرهەم هاتوو کاردەکەن،      پیاوەکە دزەکەی گرت وکوشتی.

١_ پیاوەکە دزەکەی گرت و پیاوەکە دزەکەی کوشت.

٢_ پیاوەکە دزەکەی گرت و        دزەکەی کوشت.

٣_ پیاوەکە دزەکەی گرت و        کوشت.

٤_ پیاوەکە دزەکەی گرت وکوشتی. (کۆپیکردنی ڕاناو)

**٢_ یاساتایبەتییەکانی گوێزانەوە :** دەبن بەدوو بەش:

أ_ یاسابەخورتییەکان        ب_ یاسا بە ئارەزووییەکان

أ_ یاسابەخورتییەکان:گوێزانەوە بە خورتییەکان رستەئەوانەن کە پیادەکردنیان بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەیەکی ڕێزمانی مەرجێکی دەست لێ هەلنەگیراون و لە رستەی بنجی دا هەردەم پیادە دەکرێت.گوێزانەوە بە خورتییەکانی زمانی کوردیش بریتین لە :

**١_ یاسا بە خورتییەکانی گوێزانەوەی کات: ئەم یاسایە تایبەتە بە دەست نیشانکردنی کاتی کاری ڕستەکە. _**
**ژنەکە کەواکە (بڕین) چاووگ**
**_ ژنەکە کەواکە دەبڕێت. ڕانەبوردوو**
**_ ژنەکە کەواکەی بڕی. ڕابوردوو**
**٢_ یاسا بە خورتییەکانی گوێزانەوەی پاشکۆکان: ئەم یاسایە تایبەتە بە پێشگرو پاشگرەکان کە دەچنە سەرکار.**
**_ ژنەکە دەرگاکە ەوە (کردن) رانەبووردوو**
**_ ژنەکە دەرگاکە ەوە دەکات**
**_ ژنەکە دەرگاکە دەکاتەوە**
**٣_ یاسا بە خورتییەکانی گوێزانەوەی سنورو جیاکەرەوەکان: ئەم یاسایانە تایبەتن بە لێك جیاکردنەوەی وشەکان و دەست نیشانکردنی سنوری ڕۆنانی هەر یەکێکیان لە چوار چێوەی ڕۆنانی گەورەتردا کە ڕستەکەیە .**
**_قوتابییەکان گەڕانەوە. # قوتابی #ەك#ان#گەڕانەوە#.)**

**٤_گوێزانەوەی ڕاناوی لکاو لە کاری تێپەری رابوردوودا:**
**_ من نان م خوارد. ( خواردم)**
**٥_ بەدوایەکا هاتنی ئاوەڵکار لە زمانی کوردیدا لە کاتی هاتنی ئاوەڵکارەکان لە ڕستەدا هەمیشە ئاوەڵکاری کات پێش ئاوەڵکاری شوێن دەکەوێت لە ریزبووندا . بۆیە دەبێت یاسای بە خورتی هەبێت:**
**_ پێرێ لە بازار دراوسێ کەمانم بینی.**
**٦_ گوێزانەوەی ڕاناوی لکاو(بکەر_ رابوردووی تێپەری بەردەوام)(بەرکار_لە رانەبوردووی تێپەردا)**
**_سێوم دەخوارد ( دەم خوارد)**
**_من تۆ دەکوژم ( دەتکوژم)**
**٧_ گوێزانەوەی ڕاناوی لکاو(بکەر_ رابوردووی بەردەوام)(+ نەرێ)بە پێش ئەسپێکتی بەردەوامی _پاش (م_نەرێ)**
**_ من دیوارەکەم روخاند (من نەم روخاند)**
**٨_ گوێزانەوەی ڕاناوی لکاو(بکەر_ لە کاری رابوردووی)(+ پێش کار)بۆ پێش(م_نەرێ)_پاش (پێش کار)کارەکە کاتێك بەرکاری رستەکە بەوشەیەکی سەربەخۆ دەرنەکەوتبێت.( کارەکە دەشێت +- نەرێ،+-بەردەوام ) بێت.**
**_ کتێبەکەت هەلگرت . (هەڵت گرت)(هەڵت دەگرت )(هەڵت نەدەگرت)**
**٩_ لە کاتی دەرنەکەوتنی بەرکاری رستە بە وشەیەکی سەر بەخۆ لە کاتی رانەبوردوو(+-نەرێ)دا راناوی لکاو _بەرکار_دەگوێزرێتەوە بۆ سەر م.بەردەوامی یا م.نەرێ_پێش رەگی کار.**
**_ نان دەخۆم ( دەی خۆم)) (نای خۆم)**

**١٠_ لە کاتی دەرنەکەوتنی بەرکاری رستە بە وشەیەکی سەر بەخۆ لە کاتی رانەبوردوو(+پێش کار،+-نەرێ)،راناوی لکاو (بەرکار)دەچێتە سەر پێش کارەکە.پێش م.بەردەوامی یا م.نەرێ.**

**_دەیانگرم /نایانگرم _دایانگرم/دایان ناگرم**

**ب_ گوێزانەوە بە ئارەزووییەکان:بریتین لەو کردانەی گوێزانەوە کە پێویستیسەرەکی نین وبە بێ پیادەکردنیشیان رستەی رێزمانی بەرهەم دێت و هەموورستەیەك کە گوێزانەوەیەکی بەئارەزوویی یان زیاتری لە سەر پیادەبکرێت دەبێتە ڕستەیەکی دیاری کراو).**

---

**بە شێوەیەکی گشتیش گوێزانەوە بە ئارەزووییەکان ( لە رێگەی هەندێ لەم کردانەوە ئەنجامدەدرێت:**

**١_لادان:**

**_ من نان دەخۆم. ( نان دەخۆم)**

**٢_ زیادکردن:**

**_ ئێمە کوڕەکە دەگرین (ئێمە کوڕەکە ت دەگرین)**

**٣_کۆپی کردن: پیاوەکە دزەکەی گرت وکوشتی. (کۆپیکردنی ڕاناو)**

**پیاوەکە دزەکەی گرت و پیاوەکە دزەکەی کوشت.**

**٤_جێگۆرکێ:**

**_ من بۆ بازار چووم. (من چووم بۆ بازار)**

**٥_ جێگری : بریتییە لە لادان و زیاد کردن**

**دەربارەی پیادەکردنی یاسا بە ئارەزووەکانی گوێزانەوەلە زمانی کوردیدا ئەوا بەشێوەیەکی گشتی لەم گوێزانەوانەدا خۆی دەبینێتەوە :**

**١_نەرێ کردن( رابردووی سادە، بەردەوام، دوور، تەواو ، رانەبوردوو، فەرماندان)**

**_ ئێمە چووین بۆ بازار (ئێمە نەچووین بۆ بازار )**

**_ کۆترەکان دەفڕیین (کۆترەکان نە دەفڕیین)**

**_ ئێمە دەچین بۆ سەر دەشت (ئێمە ناچین بۆ سەر دەشت)**

**_ چێشتەکە لێ بنێ . (چێشتەکە لێ مەنێ )**

**٢_پرسیار: لە زمانی کوردیدا رستەی پرسیار ( پرسیاری وشەی پرس)بە پێی ئەم یاسایە لە ڕستە ناوکەکەیەوە دەگوازرێتەوە :**

**_سیروان مریشکەکەی سەربڕی. ( کێ مریشکەکەی سەربڕی؟)( سیروان چی لە مریشکەکەی کرد؟)( سیروان چی سەربڕی؟)**

**٣_ به لوتكه كردن: له زمانی كوردیدا(دەكرێت بەركاری رستە بە رێگەی لوتكاندنەوە _ بە پێی یاسای گوێزانەوە _ بخرێتە سەرەتای ڕستەوە )**

**أ_ كاری رابردوو:**

**_ (نەسرین گوڵدانەكەی شكاند) (نەسرین گوڵدانەكە شكاندی) (گوڵدانەكە نەسرین شكاند _ی) (گوڵدانەكە نەسرین شكاند ی)**

**ب_ كاری رانەبردوو:**

**_ ئێمە خانووەكە دەفرۆشین . _ جێگۆركێ_ خانووەكە ئێمە دەفرۆشین. _ كۆپیكردن_ خانووەكە ئێمە دەی فرۆشین.**


## شیكردنەوەی ڕستە

## هێڵكاری درەختی بۆ ڕستە

**له نواندنی كەرەسەكانی پێكهاتنی ڕستەدا، زۆر شێوەو ڕێگەی جیاواز هەیە،لەوانە:**

**١_ هێڵكاری درەختی** Tree Diagram **: ئەم ڕێگەیە لە وێنەی درەختێكن، دابەشبوونیان بە ڕووی خوارەوەیە، بۆ نموونە:**

**سەگەكە گۆشتەكەی خوارد.**



٢_ دەكرێت، لە برِی دایگرامەكان، رِێگەی یاساكانی فرەیز پێكهێنان یان، ( دارِشتنەوەی یاساكان / دارِشتنەوەی فرەیزەكان ) بەكار بهێنرێت، بەم شێوەیە:

1_ S ⟶ NP VP

2_ VP ⟶ V NP

3_ NP ⟶ DET N

٣_ رِێگەی كەوانە ناونراوەكانی، كە بە جووتە كەوانە دەردەبرِێت، كەوانەی لۆجیكیشی پێدەگووترێت، بۆ نموونە:

_منداڵەكە وێنە دەكێشێت.

[S[NPمنداڵەكە ] [ VP [ NP وێنە] [ Vدەكێشێت]]]

## فرەیز Phrase

فرەیز زاراوەیەكی سینتاكسییە،جگە لەم زاراوەیە، زاراوەی تریشی بۆ بەكاردێت، وەكو: دەستەواژە، گرێ، كورتیلە رِستە. فرەیز وەك یەكەیەكی زمانی پێكهێنێكی ناوەندییە و دەكەوێتە نێوان وشە و رِستەوە، لە رِووی رِۆنانیشەوە لە وشە گەورەترو لە رِستەش بچوكترە، بەوەی كە لە رِۆنانێكی قوچەكیدا شوێنێكی بەرزتر لە وشە و نزمتریش لە رِستەدا داگیر دەكات، بە واتایەكی تر فرەیز لە وشە پێكدێت و رِستەش لە فرەیز. بەم شێوەیە فرەیز بە (دەرخراو) ناودەبرێت، كە كەرەسەیەكی سەرەكییە لە رِستەدا.

فرەیز لە رِێزمانی كۆندا بەم شێوەیە پێناسە دەكرا (( بریتییە لە كۆمەڵە واژەیەك، كە نە مەعنایەكی تەواو ئەبەخشێ، وە نە فرمانێكیان لەگەڵدا ئەبێ)). بۆ نموونە: چیای بەرز، كورِی ئازا، لە سەر مێزەكەدا، ترێی مێخۆش، درەختە بەرزەكە.

فرەیز لە رِێزمانی نوێدا بەم شێوەیە پێناسە كراوە(( بریتییە لە وشەیەك یان زنجیرە وشەیەك، كە وەك یەكەیەكی سینتاكسی گۆكردنێكی سینتاكسی هەبێت و لە جێكەوتەی تری رِستەدا وەك ئەو یەكەیە بەكاربهێنرێتەوە)). بەم شێوەیە فرەیز دەكرێت لە تاكە وشەیەك یان زیاتر بە پێی پێویستی پێك بێت و ئەركی رِێزمانی جیا جیا ببینێت. بۆ نموونە:

_ ئەوان لە گوندێك دەژین.

(ئەوان) فرەیزێكە لە تاكە وشەیك پێكهاتووەو بكەری رِستەكەیە، ( لە گوندێك) فرەیزێكە لە وشەیەك زیاتر پێكهاتووەو بەركاری ناراستەوخۆی رِستەكەیە، لە ناو ئەم فرەیزەشدا فرەیزەی تر هەیە، ئەویش فرەیزی( گوندێك)ە، (دەژین) فرەیزی كاری رِستەكەیە

## تایبەتییەکانی فرەیز

١_ فرەیز یەکەیەکی سینتاکسییە، یەکەی گەورەتر وەکو ڕستە بەرهەم دەهێنێت و لە جێکەوتەی تری ڕستەدا بەکاردەهێنرێت.

٢_ فرەیزی ناوی وکاری بەشێکی سەرەکی و بە خورتییە لە بەشە پێکیهێنەرەکانی ڕستەدا بە پێکهێنی ناوەندی هەژمار دەکرێت.

٣_ فرەیز وەك یەکەیەکی سەربەخۆ لە ڕستەدا دەردەکەوێت. واتە وەك یەکەیەکی سەربەست بەشداری لە پێکهێنانی ڕستەدا دەکات.

٤_ یەکێك لە تایبەتییەکانی تری فرەیز، ئەوەیە کە وا کورت دەکرێتەوە بۆ تاکە وشەیەك، یان فراوان دەکرێت، بە هۆی کەرەسەی ترەوە، یان جاری وا هەیە، فرەیزێك لەگەڵ فرەیزێکی تردا یەك دەگرێت و فرەیزێکی لێکدراو پێکدەهێنێت. بۆ نموونە: هەر هەموو کوڕانی زیرەك و ئازا هاتن.

ئازادو نەوزاد هاتن.

٦_ هەر فرەیزێك لە ڕێگەی سەرەکەیەوە دەناسرێتەوەو ناوی لێدەنرێت واتە ئەگەر سەرەی فرێز ناو بێت، ئەوا فرەیزەکە دەبێتە فرەیزێکی ناوی یان سەرەکە پێشناو بێت، ئەوا دەبێتە فرەیزێکی پێشناوی ......هتد.

٧_ یەکێك لە تایبەتییەکانی فرەیز، ئەوەیە کە کورت دەکرێتەوە بۆ تاکە وشەیەك، یان بە هۆی کەرەسەی ترەوە فراوان دەکرێت.

بۆ نموونە:

_ پیاوە باڵابەرزە لاوازەکە هات.

_ هیواو هێمن و هەردی و هاوکارو......... هاتن.

_ هیوای کوڕی هێمنی کوڕی هەردی ........ هات.

دەتوانرێت، بە هۆی وشەی لێکدەری( و) و مۆرفێمی خستنەسەری ( ە، ی) فرەیزەکان فراوان بکرێن، لە هەمان کاتیشدا، دەتوانرێت فرەیزەکە کورت بکرێتەوە، لە جیاتی (هیواو هێمن و هەردی و هاوکارو......... هاتن). وشەی ئەرکی ( ئەوان) وەکو فرەیزەك جێگایان بگرێتەوە.(ئەوان هاتن). یانیش لە جیاتی (هیوای کوڕی هێمنی کوڕی هەردی ........ هات). بە وشەی ئەرکی( ئەو) کورتبکرێتەوە بۆ ( ئەو هات).

٨_ دەکرێت، جگە لە ( سەرە_ Head) ی فرەیز ، کەرسەی تر وەکو دیاریکار Specifier (Spec ) و دەرخەر ( Modifier) بەشداری لە پێکهاتەی فرەیزدا بکەن، ببن بە کەرەسەی لاوەکی فرەیزەکە، بۆ نموونە:

_ زۆر گەرم

_ کوڕی تۆ

_ ئێمە دەخوێنیین.

هەرسێ وشەی ئەرکی (زۆر، تۆ ، ئێمە) ڕۆڵی جیاوازیان بینیوە، لە پێکهێنانی فرەیزدا، (زۆر) بۆتە دیاریکاری فرەیزی ئاوەڵناوی( گەرم)، ( تۆ) بۆتە دەرخەری فرەیزی ناوی ( کوڕ)، (ئێمە) ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت و بۆتە سەرەی فرەیزی ناوی.

## کەموکوڕییەکانی یاساکانی فرەیز پێکهێنان ( PS rules)

١_ یاساکانی فرەیز پێکهێنان بە سەر هەموو زمانێك جێبەجێ ناکرێت، تەنیا بۆ ئەو زمانانە دەبن کە ڕیزبوونی کەرەسەکانی وەکو زمانی ئینگلیزییە و بە ( بکەر ) دەست پێدەکات، کە چی زمانی عەرەبی بە ( کار ) دەست پێ دەکات.

٢_ نیشانەکان یاخو مۆرفێمە ڕێزمانییەکان وەکو ناسراوو نە ناسراو لە زمانی ئینگلیزی دەکەونە پێش ئەو کەرەسەی دەیانەوێت ناسراو یان نەناسراوی بکەن، کەچی لە زمانی کوردیدا دەکەونە کۆتایی.

٣_ یاساکانی فرەیز پێکهێنان سنوردارن و ژمارەیان کەمە، لە یاساکانی فرەیز پێکهێناندا پێویستیمان بە ژمارەیەکی زۆر یاسا هەیە بۆ ئەوەی هەموو ڕستەکانی زمان بەرهەم بهێنن.

٤_ چۆمسکی لە یاساکانی فرەیز پێکهێنان زیاتر نموونەکانی لە لە زمانی ستانداردو نوسینەوە وەرگرتووەو خۆی دوور خستۆتەوە لە نموونەی دیالێکتی.

٥_ یاساکانی فرەیز پێکهێنان زیاتر لە سەر ڕستەی سادە لە باری سەربەخۆدا جێبەجێ دەکرێت، ئەگەر ئەم ڕستەیە قالبێکی مۆرفۆسینتاکسی وەرگرت، ئەوا یاساکانی فرەیز پێکهێنان لە سەر جێبەجێ ناکرێت، هەر وەکو ئەم نموونانە لە زمانی کوردیدا هەنە.

٦_ زۆر جار یاساکانی فرەیز پێکهێنان پەی بە لێکچون و جیاوازییەکان نابات، کە لە ڕستەدا بەدەر دەکەون، وە کو ئەو دوو ڕستەیە لە ڕووی پێکهاتنەوە ( ناو + ئاوەڵناو + کار + چاووگ ) وەکو یەکن، بەڵام لە ڕووی واتاوە جیاوازن:

_ ئارام باشە بۆ یارمەتی دان.

_ ئارام خراپە بۆ یارمەتی دان.

هەروەها ئەم دوو ڕستەیەش لە ڕووی واتاوە وەکو یەکن، کەچی لە ڕووی پێکهاتنەوە جیاوازن:

_ ئازاد کتێبەکەی لە هۆزان کڕی.

_ هۆزان کتێبەکەی فرۆشتە ئازاد.

٧_ لە زمانی کوردیدا جوڵەی ئازادانەی ئاوەڵکار، دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی دروستبوونی کەموکوڕی لە سنوری پیادەکردنی تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدا، کە تیایدا تیۆرەکە لاوازی نیشان دەدات، لە شیکردنەوەو لێکدانەوەی ڕێزمانیدا.

## جۆرەكانی فرەیز

ڕستەی سادە لە دوو بەشی سەرەكی پێكدیت، بە پێی ڕێزمانی بەرهەمهێن بە فرەیزی ناوی و فرەیزی كاری ناودەبرێت، هەر یەكەیەكی ڕێزمانی بتوانێت ڕۆڵی بەشێكی سەرەكی بگێڕێت( فرەیز)ێك پێك دەهێنێت، سادەترین ڕستە لە دوو فرەیز پێكدێت: فرەیزی ناوی و فرەیزی كاری. بۆ نموونە:

_ بارام هات. _ شارام كتێب دەخوێنێتەوە.

فرەیزی ناوی فرەیزی كاری فرەیزی ناوی فرەیزی كاری

بە شێوەیەكی گشتی باس لە پێنج جۆری فرەیز لە زمانی كوردیدا دەكەین:

### ١_ فرەیزەی ناوی Noun Phrase =NP

ناوێك یان جێناوێك ، دەتوانن وەكو فرەیزەكی ناوی ڕۆڵ ببینن و جێكەوتەی فرەیزەكە بن، هەر بۆیە لە پێناسەی فریزەی ناویدا هاتووە، كە (( بریتیە لەو پێكهاتەیەی، كە سەرەكەی ناوە یان وشەیەكی ناو ئاسایە وەكو جێناو )). واتە ناوو جێناو دەتوانن ببن بە سەرەی فریزەی ناوی. بۆنموونە:

_ كاوە بەسەر شاخ هەڵدەگەڕێت.

_ ئەو شەڕە ئاو دەكات.

واتە وشەی (كاوە)، وەكو ناوو وشەیەكی ئەركی وەكو جێناوی (ئەو ) بە تەنیا دەتوانن، وەكو سەرەیەكی فرەیزی ناوی ڕۆڵ بگێرن و ببنە سەرەی فرەیزەكە.هەر بۆیە ڕۆنانی فرەیزی ناوی لە زمانی كوردیدا بە دوو شێوە دەبینرێت، ئەوانیش ڕۆنانی ناوەوەی فرەیزی ناوی، ڕۆنانی دەرەوەی فرەیزی ناوی.

### ١_ ڕۆنانی فرەیزی ناوی:

**أ_ ڕۆنانی ناوەوەی فرەیزی ناوی:** مەبەست لە ڕۆنانی ناوەوەی فرەیزی ناوی شێوە جۆراوجۆرەكانی ئەو فرەیزەیە، كە بە تەنها دەبێتە سەرەی فرەیزەكە، هیچ دیاریكارێكی لە پێشەوەو دەرخەرێكی لە دواوە نایەت، هەروەها دەكرێت فرەیزی ناوی وەكو فۆڕمێكی سەربەخۆو بە تەنها بێت یاخود مۆرفێمی ڕێزمانی لەگەڵ دابێت، بۆ نموونە:

_ ئاریز دانیشتووە.

_ مامۆستایان كۆبوونەوە.

_ پەنجەرەكان دابخەن.

**ب_ ڕۆنانی دەرەوەی فرەیزی ناوی:** مەبەست لە ڕۆنانی دەرەوەی فرەیزی ناوی فرەوانكردنی سەرەی فرەیزەكەیە، بەم شێوەیە فرەیز بە (دەرخراو) ناودەبرێت، كە كەرەسەیەكی سەرەكییە لە ڕستەدا و كەرەسەكانی تر وەكو بەشێكی ناسەرەكی دەردەكەون، ئەوانیش بە دوو شێوە دەردەكەون، ئەو كەرەسانەی لە پێش فرەیزەكە دێن، پێیان دەگووترێت( دیاریكار) ، ئەوانەشی لە دوای فرەیزەكە دێن، پێیان دەگووترێت ( دەرخەر).

**أ_ دیاریكار:**

**دیاریكار ( Spec) (Specifier) یەكێكە لە پێكهاتەكانی فرەیز لە دوای سەرەو تەواوكەر، زۆر جار دیاریكار زانیاری زیاتر لە سەر سەرە دەدات یاخود وا لە سەرەكە دەكات زیاتر بناسرێت. دیاریكار ئەو كەرەسە زمانییانەن، كە لە پێش سەرەی فرەیزی ناوی دێن، بە بێ یارمەتی مۆرفێمی دانەپاڵ بە مەبەستی فرەوانكردنی فرەیزی ناوی، ئەم دیاریكارانە كەرەسەی لاوەكین و دەتوانرێت لابدرێن، دیاریكارەكانیش ئەمانەن:**

**١_ وشەی (هەر، تەنیا، بەس ) دەبێتە دیاریكاری سەرەی فرەیزی ناوی. بۆ نموونە:**

**_ هەر هاوڕێ دەخوێنیت.**

**_ تەنیا ئێمە هاتین.**

**هەر دوو وشەی (هەر، تەنیا) دەتوانن، پێكەوە وەكو دیاریكار لە پێش سەرەی فرەیزی ناویدا بێن. بۆ نموونە:**

**_ هەر تەنیا تۆ دەخوێنیت.**

**٢_ ئاوەڵكار دەبێتە دیاریكاری سەرەی فرەیزی ناوی. بۆ نموونە:**

**_ دیسان ڕێباز هات.**

**_ پێش ئەو دانیشت.**

**٣_ جێناوی نادیار دەبێتە دیاریكاری سەرەی فرەیزی ناوی. بۆ نموونە:**

**_ ئازاد كەم هێمنی بینیوە.**

**_ قارەمان گەلێك كامەرانی ئازار داوە.**

**٤_ وشەی ڕێزگرتن و بریناو دەبیتە دیاریكاری سەرەی فرەیزی ناوی، بۆ نموونە:**

**_ كاك هێمن هات.**

**_ مامۆستا ئاسۆ ڕۆیشت.**

**٥_ جێناوی ئاماژەكردن دەبێتە دیاریكاری سەرەی فرەیزی ناوی، بۆ نموونە:**

**_ ئەم گۆڤارە دەكرم.**

**_ ئەو چیایە بەرزە.**

**٦_ وشەی پرس دەبێتە دیاریكاری سەرەی فرەیزی ناوی، بۆ نموونە:**

**_ كام وڵاتت بینیوە.**

**_ چ كتێبێك دەخوێنیتەوە.**

**٧_ ئاوەڵناوی پلەی باڵا دەبێتە دیاریكاری سەرەی فرەیزی ناوی، بۆ نموونە:**

**_ جوانترین خانووی دروستكردووە.**

**_ گەورەترین ڕەزی هەیە.**

**ب_ دەرخەر:**

**دەرخەر ( Modifier) هەر وشەیەك یاخود هەر دەربڕینێك وەسفی وشەیەكی تر بكات لە ڕستەدا جا ئەو وەسفكراوە ناو بێت یاخود ئاوەڵكار بێت، ئەوا بە دەرخەر ناودەبرێت. دەرخەر ئەو كەرەسە زمانییانەن، كە لەدوای سەرەی فرەیزی ناوی دێن، بە**

یارمەتی مۆرفێمی دانەپاڵ بە مەبەستی فرەوانکردنی فرەیزی ناوی، ئەم دەرخەرانە کەرەسەی لاوەکین و دەتوانرێت لابدرێن، دەرخەرەکانیش ئەمانەن:

١_ ناو دەبێتە دەرخەری فرەیزی ناوی. بۆنموونە:

_ ئێوەی جوتیار ڕەنجی زۆرتان داوە.

_ ئازادی پۆلیس لە خەمی هاوولاَتیان دایە.

٢_ ئاوەڵناو دەبێتە دەرخەری فرەیزی ناوی. بۆنموونە:

_ تۆی خەمخۆر بە ئاوات دەگەیت.

_ پیاوی دەست ڕەنگین نانی دەستی خۆی دەخوات.

٣_ ژمارەی پلەیی دەبێتە دەرخەری فرەیزی ناوی. ژمارەی پلەیی لەناو فرەیزو رستەدا، دەشێت وەکو دەرخەر لە پاش سەرە بێت. بۆنموونە:

_ خوێندکاری یەکەم خەلاَت دەکرێت.

_ خانووی دووەم ماڵی براکەمە.

٤_ نازناو دەبێتە دەرخەری فرەیزی ناوی. بۆنموونە:

أ_ ئاسۆی بەرگدروو کاری زۆرە.

ب_ ئێوەی دارتاش ڕەنجی دەستی خۆتان دەخۆن.

٥_ پاڕستە دەبێتە دەرخەری فرەیزی ناوی. بۆ نموونە:

أ_ ئەوان، کە هاتنە ژوورەوە، مامۆستا بوون.

ب_ کارۆخ، کە پیشەی دارتاشییە، برامە.

دەتوانرێت، فراوانکردنی پێکهاتەی فرەیزی ناوی بە دیاریکارو دەرخەر پێکەوە، بە یاسایەکی گشتی بخرێتەروو:

_ هەر تەنیا کاردۆی مامۆستا وانەکان بە باشی دەڵێیتەوە.

_ هەر ئێوەی خەمخۆر یارمەتیمان دەدەن.

## ٢_ فرەوانکردنی فرەیزی ناوی:

هەروەها دەتوانرێت، فرەیزی ناوی بە یارمەتی وشەی لێکدەری(و) لەگەڵ فرەیزێکی جێناوی یان فرەیزێکی ناوی یان زیاتر لەیەك بدرێن و فرەوان بکرێن، بۆ نموونە:

_ من و تۆو ئازادو نەوزادو............ دەچین بۆ سەیران.

یەکێك لە تایبەتییەکانی فرەیز، ئەوەیە کە کورت دەکرێتەوە بۆ تاکە وشەیەك، یان بە هۆی کەرەسەی ترەوە فراوان دەکرێت، بۆ نموونە:

_ پیاوە بالاَبەرزە لاوازەکە هات.

_ هیواو هێمن و هەردی و هاوکارو......... هاتن.

_ هیوای کوڕی هێمنی کوڕی هەردی ........ هات.

**دەتوانرێت، بە هۆی وشەی لێکدەری( و) و مۆرفێمی خستنەسەری ( ە، ی) فرەیزەکان فراوان بکرێن، لە هەمان کاتیشدا، دەتوانرێت فرەیزەکە کورت بکرێتەوە، لە جیاتی (هیواو هێمن و هەردی و هاوکارو......... هاتن). وشەی ئەرکی ( ئەوان) وەکو فرەیزەك جێگایان بگرێتەوە.(ئەوان هاتن). یانیش لە جیاتی (هیوای کوڕی هێمنی کوڕی هەردی ........ هات). بە وشەی ئەرکی( ئەو) کورتبکرێتەوە بۆ ( ئەو هات).**

## ٢_ فرەیزی کاری Verb Phrase = VP

**فرەیزی کاری بە پێکهێنەرێکی بنجی ڕستە دادەنرێت، چونکە لە ناو ڕستەدا بە خورتییە و ناتوانرێت لابرێت. هەر بۆیە پێکهێنەرەکانی تر وەکو: فرەیزی ناوی و فرەیزی پێشناوی.....هتد، دەتوانرێت لە ڕستەدا لابدرێت، بەڵام هەبوونی فرەیزی کاری مەرجە بۆ دروست بوونی ڕستە.**

**لە زمانی کوردیدا کاری داڕێژراوو لێکدراو بەشداری لە پێکهێنانی فرەیزی کاریدا دەکەن، بۆ نموونە: پاڵپێوەنان، ڕووتێکردن، چاوپێکەوتن، ئاگالێبوون، ئارەق پێکردن.**

**هەر بۆیە فرەیزی کاری پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیە، واتە داڕشتەی فرەیزی کاری خاوەنی پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی ناوەوەو دەرەوەیەو بە شێوەی جۆراوجۆری مۆرفۆسینتاکسی و سینتاکسی فراوان دەکرێت. هاتنی ئەم جۆرە فرەیزانە بە شێوەیەکی هەمەچەشن، وا دەکات، کە پەیوەندی ڕێزمانی جیا جیا لە نێو یەکەکانی ڕستەدا دروست ببێت.**

### أ_ پێکهاتەی ناوەوەی فرەیزی کاری:

**فرەیزی کاری لە سادەترین ڕۆنانیدا لە کارێك پێکدێت، کە لە ڕووی ڕۆنانەوە ناسادەیە و تێیدا مۆرفێمی ڕەگی کار مۆرفێمێکی تەوەرەییە و مۆرفێمە بەندەکانی تری وەك مۆرفێمی کات و جێناوی لکاوی بۆ دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە:**

**_ بردی ( بر + د + ی)**   **_ کەوت ( کەو+ ت +$\theta$)**   **_ خواردم ( خوار + د + م )**

**( ڕەگ + کات + کەس)**   **( ڕەگ + کات + کەس)**   **( ڕەگ + کات + کەس)**

**هەر بۆیە لە زمانی کوردیدا سادەترین فرەیزی کاری لە ڕەگ وکات وجێناوی لکاو (کەس و ژمارە) پێکدێت. ڕەگ سەرەی فەرهەنگی کارەکەیە.بەم شێوەیە فرەیزی کاری لە ڕستەدا فرەیزێکی بە خورتییە و دەبێت هەر هەبێت، ئەگەرنا ڕستە دروست نابێت.**

### ب_ پێکهاتەی دەرەوەی فرەیزی کاری:

**مەبەست لە پێکهاتەی دەرەوەی فرەیزی کاری، فرەوانکردنیەتی بە هۆی چەند کەرەسەیەك، ئەگەر کارەکە تەواو بوو، کەرەسەکان ئەرکی سەربارو تەواوکەر بە پێی جۆری کارەکە دەبینن، بەڵام ئەگەر کارەکە ناتەواو بوو کارەکە پێویستی بە فرەیزی تەواوکەری بە خورتییە. فرەیزی کاری بەم کەرەسانە فراوان دەکرێت:**

**١_ فرەوانکردنی فرەیزی کاری بە ناو. بۆ نموونە:**

**_ پێشمەرگەکە پەنجەیەکی لەدەستدا.**

**_ شاڵاو نامەکەی لەبیرکرد.**

**٢_ فرەوانکردنی فرەیزی کاری بە فرەیزی پێشناوی:**

**فرەیزی پێشناوی دەبێتە کەرەسەیەك لە فراوانکردنی فرەیزی کاریداو وەکو کەرەسەیەکی سەرەکی وبەخورتی دەبێتە بەشێك لە فرەیزی کاری و ئەرکی تەواوکەر دەبینێت. بۆ نموونە:**

**_ بۆیەکە بەدەستییەوە نووسا.**

**_ ئارام تۆ بە برا دەزانێت.**

**_ مامۆستا قوتابییەکان بە زیرەك دەزانێت.**

**هەروەها فرەیزی پێشناوی دەکرێت وەکو کەرەسەیەکی بە ئارەزووانە بەشداری لە فرەوانکردنی فرەیزی کاریدا بکات و ئەرکی سەربار ببینێت، واتە دەتواندرێت لە ڕستە لابدرێت بە بێ ئەوەی کار لە واتای ڕستەکە بکات. بۆ نموونە:**

**_ سێوەکانم بە دەست لێکردەوە.**

**_ ئەو بەدەم گریانەوە ئاخی هەڵدەکێشا.**

**٣_ فرەوانکردنی فرەیزی کاری بە ئاوەڵگوزارە:**

**فرەیزی ئاوەڵگوزاری( شوێنی، کاتی، چۆنیەتی....هتد) وەکو کەرەسەیەکی ناسەرەکی و سەربار بەشداری لە فرەوانکردنی فرەیزی کاریدا دەکات، هەروەها دەکرێت لە سەرەتا و ناوەڕاستی ڕستەدا جێگۆرکێ بەشوێنەکەی بکرێت، بەڵام لە کۆتایی ڕستەدا، ڕستەکە دەکات بە ڕستەیەکی نارێزمانی. بۆ نموونە:**

**_ من لە دوێنێوە چاوەڕێت دەکەم.**

**_ لە دوێنێوە من چاوەڕێت دەکەم.**

**_ من چاوەڕێت دەکەم لە دوێنێوە.***

**٤_ فرەوانکردنی فرەیزی کاری بە جێناو.** بۆ نموونە:

**_ من ئەو دەناسم.**

**_ دانا ئەوی کوشت.**

**٥_ فرەوانکردنی فرەیزی کاری بە پاڕستە، بۆنموونە**

**_ هاتم، کە تۆ ببینم.**

**_ زانیم، کە تۆ بەیەکەم دەرچوویت.**

**٦_ فرەوانکردنی فرەیزی کاری بە** جێناوی پرس وەکو تەواوکەر لەگەڵ کاری ( بوون). بۆ نموونە:

**_ دانا ناوی باوکی چییە؟**

**_ ئەم کوڕە کوڕی کێ بوو؟**

**٧_ فرەوانکردنی فرەیزی کاری بە جێناوی نادیار. بۆ نموونە:**

**_ هێمن زەوییەکی زۆری کڕی.**

**_ ئاسۆ کەمێك ڕایکرد.**

**کەواتە لە زمانی کوردیدا فرەیزی کاری لە ڕستەدا لە فرەیزی ناوی گرنگترە، لە بەر ئەم هۆیانە:**

**١_ فرەیزی کاری دەبێت لە ڕستەدا بوونی هەبێت ( جگە لە کاری ناتەواوی ( ە)، کە هەندێ باردا بە دیار ناکەوێت) ئەگەرنا ڕستە دروست نابێت، کەچی دەکرێت فرەیزی ناوی لە ڕۆنانی سەرەوەدا بە دیار نەکەوێت.**

٢_ کار جێناوە لکاوەکانی بکەرو بەرکار وەردەگرێت.

## ٣_ فرەیزی ئاوەڵگوزارەیی Adverb Phrase = AdvP

(( لەوانەیە ئاوەڵگوزارە لە تاکە نێویێک، ئاوەڵنێویێک وەیان ئاوەڵکارێك پێکهاتبێت وەیا لە فرێزێك، جا لەبەر ئەوەی هەر تەنیا ئاوەڵکار ئەم ئەرکە گرنگەی ڕستە ناگێرێت، بەڵکو نێوو ئاوەڵنێووو ئامرازیش هاوبەشی داڕشتنی دەکەن)) . بەپێی ڕێزمانی بەرهەمهێنی چۆمسکی تاکە وشەیەکیش بە فرەیز دادەنرێت، کەواتە دەکرێت، فرەیزی ئاوەڵگوزارەیی لە ناوێك، ئاوەڵناوێك، ئاوەڵکارێك یان وشەیەکی ئەرکی پێکبێت، بەمەرجێك ئەرکی ئاوەڵگوزارەیی ببینێت و سنورو ڕوودانی کارەکە دیاری بکات. بۆنموونە:

_ منداڵەکە زۆر دەخوات.

_ کاروان شەو دێتەوە.

_ منداڵەکە جوان دەڕوات.

_کارزان زوو هات.

_ کاردۆ بە خێرایی ڕۆیشت.

لەم ڕستانەدا هەریەکە لە ( زۆر، شەو، جوان، زوو، بە خێرایی ) ئەرکی ئاوەڵگوزارەییان لە ڕستەکانیاندا بینیوە. هەر بۆیە ئاوەڵگوزارە بەم شێوەیە پێناسە کراوە، فرەیزی ئاوەڵگوزارەیی فرەیزێکە، کە سەرەکەی ئاوەڵکارە. بۆ نموونە:

_ خێرا ( ئاوەڵکارە) دەتوانێت، ببێت بە سەرەی فرەیزی ئاوەڵگوزارەیی، هەروەکو لەم ڕستەیەدا هاتووە.

_ کاروان خێرا هات.

لەم ڕستەیەدا (خێرا) سەرەیە و فرەیزێکی ئاوەڵگوزاییە، لەگەڵ ئەوەشدا سنوری چۆنیەتی ڕوودانی کاری ( هات)ی دیاریکردووە.

### پێکهاتەی فرەیزی ئاوەڵگوزارەیی:

**١_ ئاوەڵکار:**

**٢_ فرەیزی پێشناوی:**

فرەیزی پێشناوی بەوەی پەیوەندی بە بەشی کارەوە هەیەو لە یەکێك لە جێکەوتەکانی ئاوەڵگوزارەدا دەردەکەوێت، توانای ئەوەی هەیە ئاوەڵگوزارە ئاسا ڕۆڵ ببینێت. واتە فرەیزی پێشناوی کاتێك لە شوێنی ئاوەڵگوزارەدا دێت و سنوری ڕوودانی کارەکە دیاری دەکات، وەکو ئاوەڵگوزارە هەڵسوکەوت دەکات، بەو هۆیەشەوە ئەرکی فرەیزی ئاوەڵگوزارەیی دەبینێت. بۆ نموونە.

_ هاوڕێ لە زانکۆ دەخوێنێت.

_ هاوکار بەپەلە قسە دەکات.

_ ڕزگار لە بەیانییەوە نوێژ دەکات.

_ ئاسۆ تۆ بە براگەورە دەزانێت.

ئەگەر سەرنج بدەینە فرەیزەکانی ( لە زانکۆ، بە پەلە، لە بەیانییەوە) هەموویان فرەیزی ئاوەڵگوزارەیینە و سنوری ڕوودانی کارەکانیان ڕوون کردۆتەوە، بەڵام هەر یەکەیان بە شێوەیەکن ( لە زانکۆ ) فرەیزی ئاوەڵگوزارەیی شوێنییە، شوێنی خوێندنەکەی هاوڕێ دیاری دەکات، (بەپەلە) فرەیزی ئاوەڵگوزارەیی چۆنیەتییە، چۆنیەتی قسەکردنی هاوکار پیشاندەدات،( لە بەیانییەوە) فرەیزی ئاوەڵگوزارەیی کاتییە، کاتی نوێژکردنی ڕزگار دیاری دەکات و چەندان فرەیزی تری لەم شێوەیە، ئەم فرەیزانە بە ئارەزوونە( Optinal ) و ئەرکی سەرباریان لە ڕستەکانیاندا بینیوە، واتە دەتوانرێت لە ڕستەکاندا لابدرێن، بەبێ ئەوەی کار لە واتای ڕستەکە بکەن، بەڵام فرەیزی ( بە براگەورە) فرەیزێکی ئاوەڵگوزارەیی بەخورتییە ( Obligatory) و ئەرکی تەواوکەری لە ڕستەکەدا بینیوە، ناتواندرێت لە ڕستەکە لابدرێت، چونکە پێویستی کارەکە تەواو دەکات و لە لایەن کارەکەوە داواکراوە، بۆیە بە لادانی و جێگۆڕکێکردنی کار لە واتای ڕستەکە دەکات و ڕستەیەکی ناڕێزمانی بەرهەم دەهێنێت. بۆ نموونە:

_ ئاسۆ تۆ دەزانێت.*

_ئاسۆ بەبراگەورە تۆ دەزانێت.*

_ بە براگەورە ئاسۆ تۆ دەزانێت.*

**٣_ جێناوی ئاماژەکردن:** بۆ نموونە:

_ گوڵشەن  ئەم پایزە دەچێت بۆ دەرەوە.

_ ئەم هەفتەیە تاقکردنەوەکەمان  دەست پێ دەکات.

**٤_ جێناوی دیار** .بۆ نموونە:

_ هەموو ئێوارەیەك لە چاوەڕێی تۆ دام.

_ هەموو ڕۆژێك شوان کاردەکات.

**٥_ جێناوی نەرێ** . بۆ نموونە:

_ هاوکار هیچ شەوێك زوو نانوێت.

_ بێستون هیچ پەڕتووکێك ناخوێنێتەوە.

**٦_ جێناوی نادیار** .بۆ نموونە:

_ منداڵەکە زۆر دەخوات.

_ شنۆ کەمێك دانیشت.

**٧_ پاڕستە Clause :**

پاڕستەیەك، کاتێك ئەرکەکانی هاوشێوەی ئاوەڵگوزارەیەك دەبینێت، بەم جۆرە پاڕستەیە دەگووترێت ( پاڕستەی ئاوەڵگوزارەیی). وشە ئەرکییەکان، کە پۆلێکی داخراون بەکارهێنانی ڕێزمانی تایبەتی خۆیان هەیە، هەندێکیان بەشداری لە ڕستەی ئاڵۆزدا دەکەن و دەکەونە بەشی پاڕستەوە ڕۆڵی فرەیزی ئاوەڵگوزارەیی دەبینن. هەر بۆیە هەندێ نموونە لەم جۆرە وشە ئەرکییانە دەخەینەروو: ( چونکە، ئەگەر، مەگەر، بەڵام، بەڵکو، تا، ئەگینا، بەشکو، کەچی، کە .........هتد).

_ ئەمرۆ هاوڕێ نەچوو بۆ کار، چونکە باوکی نەخۆش بوو.

_ سەردانی دکتۆر بکە،بەڵکو چارەسەرێکت بۆ بدۆزێتەوە.

_ تا نەخوێنیت، سەرناکەویت.

_ که ئەو هات، کاردۆ ڕۆیشت.

_ ئەگەر بەیەکەم دەرچیت، مامۆستا خەڵاتت دەکات.

ئاوەڵکار ژمارەیان زۆر کەمەو بە ئامادەکراوی لە ناو فەرهەنگدا هەن، هەر بۆیە ئەم پێکهاتانەی، کە باسکران ڕۆڵی ئاوەڵکار دەبینن لە ڕستەدا.

## ٤_ فرەیزی ئاوەڵناوی:Adjective Phrase

فرەیزی ئاوەڵناوی ئەو فرەیزەیە، کە سەرەکەی دەبێت ئاوەڵناو بێت، چونکە ئەم فرەیزە بە بیٚ ئاوەڵناو دروست نابێت، بۆ نموونە: گەورە، جوان، بەرز، ترش......

_ کوردستان شاخی بەرزی زۆرە.

_ هەناری مێخۆش بکڕە.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئاوەڵناو وەکو دەرخەرێکی ناو، بە بیٚ ناو هیچ گۆکردنێکی نییە، کەواتە ئاوەڵناو لە ناو فرەیزی ناوییدا بە دیار دەکەوێت. فرەیزی ئاوەڵناوی بە دوو ڕێگە فرەوان دەکرێت:

أ_ پێکهاتەی ناوەوەی فرەیزی ئاوەڵناوی: ئەم فرەیزە لە ناوەوە بە هۆی مۆرفیمی ( تر، ترین ) فرەوان دەکرێت، بۆ نموونە:

_ من خانووێکی گەورەتر دەکڕم.

_ جوانترین گوڵ هەڵبژێرە.

ب_ پێکهاتەی دەرەوەی فرەیزی ئاوەڵناوی: ئەم فرەیزە لە دەرەوە بە هۆی کەرەسانە فرەوان دەکرێت:

١_ وشەی تاکبەندی ( هەر، بەس، تەنیا )، بۆ نموونە:

_ ئازاد بەس زیرەك نییە.

٢_ وشەی پرس، بۆ نموونە:

_ هاودەم چەند زیرەکە؟

٣_ ڕادە، بۆ نموونە:

_ هاودەم زۆر زیرەکە.

٤_ وشەی نەریٚ، بۆ نموونە:

_ نەخۆشەکە هیچ باش نییە.

## فرەیزی پێشناوی (Prepositional Phrase(PP:

پێشناو جۆرێکە لە وشەی ئەرکی، ڕۆڵی سەرەکی لە پێکهێنانی فرەیزی پێشناویدا دەبینێت، هەر بۆیە بەم شێوەیە پێناسەی دەکرێت، ( فرەیزی پێشناوی لە پێشناوێك و تەواوکەرێك پێکدێت واتە ئەو بۆشاییەی کە دەکەوێتە دوای پێشناوەکە شوێنی تەواوکەرێکە بۆ ئەوەی فرەیزێکی پێشناوی دروست ببێت، کە خۆی لەم یاسایەدا دەبینێتەوە، بۆ نموونە:

_ هێمن لە ئێوە دەگەڕێت. ( لە: پێشناوە، سەرەیە )،( ئێوە: تەواوکەرە )

_ بەختیار بە دەست نان دەخوات.      ( بە:پێشناوە، سەرەیە )،( دەست: تەواوکەرە )

لە فرەیزیی پێشناویدا پێشناو سەرەیەکی حوکمکەرەو ئاڕاستەی حوکمکردنەکەی بە پێچەوانەی سەرەی ڕێزمانییەکانی ترەوە لە ڕاستەوە بۆ چەپەو حوکمی تەواوکەرەکەی دەکات. فرەیزی پێشناوی یان سەربارە، کە بە لابردنی لە ڕستەدا واتای ڕستەکە ناگۆڕێت یانیش تەواوکەرە، کە نابێت لە ڕستە لابدرێت چونکە واتای ڕستەکە دەگۆڕێت. بۆ نموونە:

_ هێمن بە تۆپ یاری دەکات.( ف پ، سەربارە )

_ پشیلەکە بە دیوار هەڵگەڕا.( ف پ، تەواوکەرە )

بەم پێیە ئەو وشانەی، کە لە دوای سەرەی پێشناویدا دێن لە فرەیزی پێشناویدا، پێیان دەگووترێت تەواوکەر، هەبوونیشان لە پێکهاتەی ئەم فرەیزەدا بە مەرجێکی بنچینەیی دادەنرێت، تەواوکارەکانیش پێکهاتوون لە ( فرەیزی ناوی، ئاوەڵناو، جێناوی کەسی سەربەخۆ، جێناوی ئاماژەکردن، جێناوی خۆیی، جێناوی پرسیاری، جێناوی چەندێتی، دووناووجێناوێکی خۆیی، چاوگ، ژمارە، ئاوەڵکار ). جێناوی هەیی و وشەی ( تەنیا )، دەبنە تەواوکەر لە پێکهاتەی فرەیزی پێشناویدا، کە شێوەی ڕۆنانەکانیان بۆ هەریەك لەم تەواوکەرانە بە نموونە دەخەینەڕوو:

١_ فرەیزی ناوی وەکو تەواوکەر لە پێکهاتەی فرەیزی پێشناویدا:

_ بەختیار بە چەکوش بزمارەکە دەکوتێت.

٢_ ئاوەڵناو:

_ پیاوەکەم بە شەلی دیت.

٣_ جێناوی کەسی سەربەخۆ:

_ کارەکە بۆ من مەکە.

٤_ جێناوی ئاماژەکردن:

_ لەم پێشبڕکێیە بەشداری دەکەین.

_ لەوانە مەترسە.

٥_ جێناوی خۆیی:

_ ئەو بە خۆی چیرۆکەکەی گێڕایەوە.

٦_ جێناوی پرس:

_ هەواڵەکەت بۆ کێ گێڕایەوە؟

٧_ جێناوی چەندێتی:

_ کارەکە بە هەند وەرگرە.

_ من بۆ هەندێك کەس دەگریم.

٨_ دووناووجێناوێکی خۆیی:

_ ڕووداوەکەی بۆ باوك ودایکی خۆی گێڕایەوە.

_ قارەمان بۆ خوشك و براکەی خۆی دیاری کڕی.

٩_ چاوگ:

_ بە وەرزشکردن جەستەمان بەهێز دەبێت.

١٠_ ژمارە:

_ منداڵ بە شەش ساڵان دەچێتە قوتابخانە.

_ تەمەنم لە چڵ ساڵ زیاترە.

١١_ ئاوەڵکار:

_ زیرەك لە ژێر کەپرەکە نوستووە.

١٢_ جێناوی هەیی:

_ جانتاکەی تۆ لە هی ئەو دەچێت.

١٣_ وشەی ( تەنیا ):

_ من بە تەنیا کار دەکەم.

ئەم وشانەی سەرەوە وەکو تەواوکەر لەگەڵ پێشناودا بەشداری لە پێکهێنانی فرەیزی پێشناویدا دەکەن ، بەڵام فرەیزی ناوی و ناو ئاساکان ڕۆڵیان لە پێکهێنانی ئەم فرەیزەدا چالاکترە. هەندێك جار پاشناو وەکو پێویستییەکی ڕێزمانی بە کۆتایی فرەیزی پێشناوییەوە دەنووسێت و فرەیزەکە دادەخات. بۆ نموونە:

_ وتارەکەم لە ڕۆژنامەکەدا بلاْوکرایەوە.

_ ئارام لە ماڵەوە چاوەڕێت دەکات.

**فراوانکردنی فرەیزی پێشناوی:**

**١_ دیاریکاری فرەیزی پێشناوی:**

**لە پێش سەرەکەیدا فرەیزی پێشناویی، بە هۆی وشەی ترەوە فراوان دەکرێت، ئەم وشانە دەبنە دیاریکاری وەك: جێناوی دیار ( هەر )، یەکسەر، جێناوی نادیار ( زۆر )..... هتد.( بەکر عومەر عەلی،١٩٩٢: ٦٨ ).**

**أ _ وشەی ( یەکسەر ) وەکو دیاریکار. بۆ نموونە:**

**_ هەواڵەکە یەکسەر بە هێمن بڵێ.**

**ب_ جێناوی دیار وەکو دیاریکار. بۆ نموونە:**

**_ جلەکان هەر لە تۆ جوان دێت.**

**ج _ جێناوی نادیار وەکو دیاریکار. بۆ نموونە:**

**_ ئەو زۆر لە مارمیلکە دەترسێت**

**٢_ دەرخەری فرەیزی پێشناوی:**

**فرەیزی پێشناوی بە هۆی دەرخەرەوە فراوان دەکرێت (( لە ڕستەی ئاوێتەدا پاڕستە لایەنێکی بەرکاری بەیاریدەی شاڕستە ڕووندەکاتەوەو دەبێتە دیارخەری بەرکاری بەیاریدەی شاڕستە )). بۆ نموونە:**

**_ هندرێن بە ئۆتۆمبێلەکەی، کە تازەی کڕیبوو، هات.**

**_ دیارییەکم بە ژیاردا، کە برا بچوکەکەمە، بۆ ناردی.**

**_ هۆنراوەیەکم لەو دەفتەرەی، کە تازەی کڕیبوو، بۆی نووسیەوە.**

## ئەرکی فرەیزی پێشناوی لە ڕستەدا

**فرەیزی پێشناوی ئەرکی سینتاکسی جیا جیا لە ڕستەدا دەبینێت، ئەم ئەرکانەش بریتین لە: فرەیزی پێشناوی سەربار، فرەیزی پێشناوی تەواوکەر، فرەیزی ئاوەڵگوزارەیی سەربار، فرەیزی ئاوەڵگوزارەیی تەواوکەر، فرەیزی ئاوەڵگوزارەیی یاریدەدەر..**

**کە باس لە ئاوەڵگوزارە دەکرێت، جۆرەکانی ئاوەڵگوزارەی چۆنیەتی، کاتی، شوێنی،... دەگرێتەوە.**

**١_ فرەیزی پێشناوی سەربار ( بەرکاری ناڕاستەوخۆ، تیان ):**

_ هەژار هەواڵەکەی بە هێمن گەیاند.

_ ئێمە بێ ئێوە گەشت ناکەین.ش

_ هۆنراوەکە وەك خۆی بخوێنەوە.

_ کراسێکم بۆ تۆ هێناوە.

_ دارا نامەکەی لە ئازادەوە بۆ نەوزاد هێناوە.

_ ئێوە زەوی بە چی دەکێڵن؟

_ ئێمە زەوی بە مەکینە دەکێڵین.

_ پەنجەرەکە بە بەرد شکا.

_ گۆڤارەکەم لە هاورێ وەرگرت.

_ کتێبەکەی دا  بە من.

_ پەنجەرەکە بە بەرد شکێنرا.

بەرکاری ناڕاستەوخۆ  وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە، کە بە ( کێ، چی ) دەکرێت.

**٢_ فرەیزی پێشناوی تەواوکەر:**

_ ئەو دەبێت بە مامۆستا.

_ نامەکە بۆ من بوو.

_ کاروان هێرش بە شاعیر دادەنێت.

_ ژنەکە خوێی لە چێشتەکە کرد.

_ ئازاد لە هەولێرە.

_ تاوانەکە لە تۆ بوو.

_ ئاوەکە بوو بە سەهۆڵ.

_ چایەکە بوو بە دۆشاو.

**_ چیایەکە بە بەفر دادەپۆشرێ.**

٣_ فرەیزی پێشناوی تەواوکەر:

_ کەلاوەکەیان بە خانوو حیسابکرد.

_ کارەکەمان تا بەیانییە.

_ باوکم لە ماڵەوە بوو.

_ منداڵەکە بە دیوارەکەدا هەڵدەگەڕا.

_ ئاسۆ بە شاخەکەدا هەڵگەڕا.

_ کۆترەکە لە سەربان بوو.

**٤_ فرەیزی ئاوەڵگوزارەیی سەربار:**

_ چایەکەم لە ژێرپیاڵەکەدا خواردەوە.

_ ئاشنا تا بازاڕ چوو.

_ ئۆتۆمۆبێلەکە بە خێرایی دەڕوات.

_ کرێکارەکان بەشەووڕۆژ کار دەکەن.

_ خوێندکارەکان بە باشی دەخوێنن.

_ نازەنین گۆڤارەکەی لە کتێبخانەکەدا وەرگرت.

_ ئێمە لە کەرکوکرا تا هەولێر بە پێ هاتووین.

_ ئەوان تا بەیانی دێن.

_ منداڵەکە لە برسان مرد.

**٥_ فرەیزی ئاوەڵگوزارەیی یاریدەدەر:**

**وشە ئەرکی سەرسوڕمان وەك ( خۆزگە، کاشکی، بریا... هتد ) دەتوانن لە شوێنی فرەیزی ئاوەڵگوزارەیی لە ڕستەدا بێن، ئەرکی فرەیزی ئاوەڵگوزارەیی یاریدەدەر ببینن. فرەیزی ئاوەڵگوزارەیی یاریدەدەر پێویستی دەردەبڕن، شێوازی داڕشتنی کار داوای ئەم جۆرە فرەیزە دەکات. بۆ نموونە:**

_ خۆزگە شەڕ لە جیهاندا نەمابووایە.

_ بریا خوێندنم تەواو کردبا.

## خاڵبەندی:

خاڵبەندی، یان دانانی هێماو نیشانە، لە نێو کەرەسەکانی زماندا لە کاتی نووسیندا، بۆ جیاکردنەوەیان لە یەکتری پێویستە، یاخود لە کاتی خوێندنەوەدا بایەخدان بە دەربڕینی دەنگ و هێزو ئاوازە لە ڕووی زمانەوانییەوە کارێکی گرنگ و پێویستە.

**هێماو نیشانەکانی خاڵبەندی:**

**١_ خاڵ ( . ):**

_ لە کۆتایی هەموو ڕستەیەك، جگە لە ڕستەی پرسیاری و سەرسوڕمان دادەنرێت، بۆ نموونە:

کوردستان وڵاتێکی جوانە.

_ لە دوای ئەو پیتانە دێن، کە کورتکراوەی ناوێکە یاخود چەند ناوێکە، بۆ نموونە:

پێغەمبەر ( د.خ ) لە مەککە لە دایك بووە.

**٢_ فاریزە/ بۆر/ وێرگول/ کۆما ( ، ):**

_ لە نێوان ئەو ڕستە تەواو نەکراوانەی کە پێکەوە ڕستەیەکی تەواو پێکەوە دێنن، بۆ نموونە:

ئەگەر چی کورد زۆر زوڵمی لێکراوە، بەڵام هەر بە ئاواتی خۆی دەگات.

_ لە دوای ناوی بانگکراوەوە دێت، بۆ نموونە:

کوڕینە، ....

کچینە، .....

هاوڕێ، ئاگاری خۆت بە.

_ لە هەر جێگەیەك، کە وشەیەك، یان دەستەواژەیەك، وەك جێگرەوەیەك لە ناو ڕستە یان دەستەواژەیەکی تر دابنرێت: بۆ نموونە:

گۆران، شاعیری هاوچەرخ، شیعری (( گەشتی قەرەداخ )) ی نووسیوە.

_ لە جیاتی (( و )) لە نێوان وشە هاوشانەکاندا بەکار دەهێنرێت، بۆ نموونە:

نالی، سالم، کوردی و گۆران لە شاعیرانی کوردن.

_ لە جێگەی هەڵوەستەیەکی کورت، بۆ نموونە:

ئەگەر گوڵ نیت، دڕکیش مەبە.

٣_ دوو خاڵ ( : ):

_ لە پێش هێنانەوە گووتەدا :

دیکارت گووتوویەتی : (( من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم. ))

_ لە کاتی ژماردنی بەشە پێکهێنەرەکانی شتێك، بۆ نموونە :

ساڵ لە چوار وەرز پێکدێت : بەهار، هاوین، پایز، زستان.

_ لە دوای ئەو وشانەی کە واتایان لێکدەدرێتەوە، بۆ نموونە :

جادو : تەلیسم، زاربەست، چاوبەست.

٤_ بۆری خاڵ لە ژێر ( ، ):

بۆ جیاکردنەوەی ئەو ڕستانەوی کە لە ڕووی ڕۆنان و واتاوە سەربەخۆ دێنە بەر چاو، بەڵام لە دەربڕینێکی دوور و درێژدا، پەیوەندی واتاییان پێکەوە هەیە، بۆ نموونە :

بۆ نووسینی بەرهەمێکی سەرکەووتوو پێویستە باش بیر بکەینەوە، زۆر بخوێنینەوە، لە دەر بڕیندا ڕەوان بین.

_ لە کاتی هێنانەوەی نموونەو ڕوونکردنەوەی پێویست لە پێش وشەی (( وەك، گریمان، واتە، ... )):

ناتوندو تیژی، واتە خۆشویستنی هاوچەشن، بە واتای ڕقبوونەوە لە خراپە، نەك خراپەکار.

٥_ نیشانەی پرسیار ( ؟ ):

_ لە کۆتایی ڕستە پرسیارییەکاندا دادەنرێت، بۆ نموونە :

ئایا تا ئێستا بیرت لە چارەنووسی خۆت کردۆتەوە؟

_ بۆ دەرخستنی گومان، بۆ نموونە :

نالی لە ساڵی ١٧٩٧ ( ؟ ) لە دایك بووە.

_ جاری وا هەیە، بۆ گاڵتە پێکردن بە کار دێت، بۆ نموونە :

خۆی لێمان کردووە بە شاعیر ( ؟ ).

٦_ نیشانەی سەرسووڕمان ( ! ):

_ نیشانەی سەرسووڕمان لە کۆتایی ئەو ڕستانە دادەنرێت کە هەستێکی دەروونی خۆش یان ناخۆشی تیادابێت، بە شێوەیەکی سەرسوڕمان دەربڕێت، بۆ نموونە :

ئۆخەی زستانی ئەمساڵیش تەواو بوو!

**٧_ جووت کەوانەی بچووک ( (( )) ):**

**_ گووتەیەك کە ڕاستەوخۆ لە کەسێکەوە یان سەرچاوەیەکەوە وەربگیرێت، بۆ نموونە :**

**ڤیتگنشتاین دەڵێت: (( هیچ شتێك لەوە قورستر نییە، کە مرۆڤ بخەڵەتێنێ. ))**

**_ ناوو ناونیشان و زاراوەی زانستی یان تەکنیکی، بۆ نموونە :**

**( ئەویش بە زۆریی لە یەکەم بەکار هێنانیدا )، بۆ نموونە :**

**(( لێبوردەیی )) بەردی بناغەی ئاشتی ژیانە.**

**(( گۆشەنیگا )) لە نیگارکێشیدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە.**

**٨_ تەقەڵ/ هێڵ:**

**_ بۆ جیاکردنەوەی دوو کەسی گفتوگۆکەر، بۆ نموونە :**

**_ ئەوە هاتی؟**

**_ بەڵێ.**

**_ کارکانت تەواو کرد؟**

**_ نەخێر، فەرمانبەرەکە نەهاتبوو.**

**_ کاتێك دوو وشە دوو ڕووی جیاوازی یەك وشە دەربخەن، بۆ نموونە :**

**زانستە کۆمەڵایەتی _ مرۆییەکان لە کوردستاندا بایەخێکی ئەوتۆیان پێنەدراوە.**

**_ بە واتای مەودای شوێنکاتی بەکاردێت، بۆ نموونە :**

**ڕێگای هەولێر _ قەڵادزێ ڕێگایەکی سەخت و ناخۆشە.**

**_ لە کۆتایی دێردا، ئەگەر جێی نوسینی هەموو بڕگەکانی وشە نەمابوو، بۆ نموونە :**

**هەنا_ .........**

**رەکە..............**

م. أحمد

**٩_ سێ خاڵ لە دوای یەك ( ... ):**

**_ بۆ پیشاندانی وشەو ڕستەی سڕاوەو بەردەوام، بۆ نموونە :**

**هەواڵ چەند جۆرێکە : هەواڵی سیاسی، هونەری، وەرزشی،...**

**_ قسەی ناتەواو، بۆ نموونە :**

**من... من... ببورە ناتوانم.**

**_ بۆ پیشاندانی درێژکردنەوەی قسە، بۆ نموونە :**

**هەر ساتێ ئەو دیوارە، ئە... ها ڕووخا.**

**_ کاتێك نەتوانین یان پێویست نەکات، وشەیەك یان چەند وشەیەك لە دەستنووسێك بخوێندرێتەوە، یان بنوسرێت.**

**١٠_ کەوانەی گەورە[ ]**

**_ ئەو بابەتانەی، کە بەشێك نەبن لە مەبەستی سەرەکی، بۆ نموونە :**

**مامۆستاکە هاتە ناو پۆڵەوەو [ قوتابییەکان بێدەنگ بوون] لە جێی خۆی دانیشت.**

**_ لە ساغکردنەوەی دەستنووسە کۆنەکاندا وشە پەیوەستدارەکان لەگەڵ ڕوونکردنەوەی پێویستدا دەخرێنە کەوانەی گەورەوە، بۆ نموونە :**

**جەنابی وەزیری عالی [ ئەمین زەکی بەگ ] تاریخنووسێکی ناوداری کورد بوو.**

**_ کاتێك وەرگێڕ بە پێویست بزانێت وشەیەك یان ڕستەیەك وەربگێڕدرێت و بۆ دەقێك زیادی بکات، بۆ نموونە :**

**نان [ خبز] خۆراکی مرۆڤە.**

**_ فەرمانەکانی نواندن لە شانۆدا، بۆ نموونە :**

**کامەران [ بە مۆنییەوە] ها... زۆر لە خۆت ڕازیت!**

١١_ کەوانە ( ):
_ ماناو هاوواتایی وشەیەك، بۆ نموونە :
زمانەوانی ( زماننـاسی ) لێکۆڵینەوە لە زمان دەکات.

_ ئاماژەکردن بە مێژوو، ناوبانگ، نازناو، ناوی پێشوو،....
پیرەمێرد ( حاجی تۆفیق ) شاعیرێکی بەناوبانگ بوو.
شاری هەولێر ( ئەربـائیلۆ ) بە قەڵاکەی دەناسرێتەوە.

١٢_ هێڵی لار /
_ بۆ جیاکردنەوەی ڕۆژو مانگ و ساڵ، بۆ نموونە :
لە ١٩٨٨/٣/١٦ هەڵە بجە کیمیاباران کرا.
_ بە واتـای وشەی ( یان ) دێت، بۆ نموونە :
فاریزە/ بۆر/ وێرگول/ کۆما هێمایەکی خاڵبەندییە.

١٣_ ئەستێرە *
_ بۆ ڕوونکردنەوە وشەیەك یاخود زاراوەیەك یاخود ناساندێك لە پەراوێزدا بە کار دێت.
_ بۆ دەستنیشانکردنی ڕستەیەکی ناڕێزمانی بەکاردێت، بۆ نموونە :

بۆ ئاهەنگەکە هات ئازاد*

١٤_ تیر/ ئاڕاستە ←
_ ئاڕاستە واتـای ( پێکهاتووە لە )، بۆ نموونە :
ڕستە ← ف ن + ف ك

١٥_ یەکسانە =
_ بۆ پیشاندانی یەکسانی لە نێوان بابەتدا، بۆ نموونە :
دەستی ماندوو لە سەر سکی تێرە = ئەوەی بە ڕەنجی شانی خۆی دەژی، بە برسییەتی سەر تـانێتەوە.

**چەند پرسیارێکی نموونەیی :**

١_ ئاستەکانی زمان بژمێرەو باسی ئاستی ڕستەسازی بکە؟

٢_ جیاوازی لە نێوان وشەی ئەرکی و وشەی فەرهەنگی چییە، بە نموونەوە باسی بکە؟

٣_ کام ئاستی زمان باس لە پەیوەندی وشە و فرەیز وڕستە دەکات و مەبەست لە ڕستە چییە؟

٤_ فرێزی پێشناوی چییەو ئەو کەرستانە چین کە بەشداری لە پێکهێنانی ئەو فرێزە دەکەن ؟

٥_ مەبەست لە ئاستی ئاسۆیی و ستوونی چییە؟ بە نموونە ڕوونی بکەوە؟

٦_ یاسا بە ئارەزووەکانی گوێزانەوە لەسەر ئەم ڕستانە چۆن پەیڕەو کراون ..........؟

٧_ جیاوازی نێوان و ئاماژە و بریتیخستن چییە ؟ نموونەی پراکتیکی وەڵامەکەت بسەلمێنە ؟

٨_ لکانی واتایی لەم دێرە هۆنراوانە دیار بکە ...... .

٩_ لەم دەقەی خوارەوە دا، چ نیشانەیەکی خاڵبەندی دانەنراوە، دایبنێ.

**سەرچاوە:**


١_ وشەی ئەرکی لە زمانی کوردیدا، أمیر محمد محمدأمین، نامەی ماستەر.

٢_ ڕستە وپاش ڕستە، ساجیدە عبدوڵڵا فەرهادی ، نامەی دکتۆرا .

٣_ پەیوەندییەکانی نێو دەق ، قیس کاکل ، نامەی دکتۆرا.

٤_ هەندێ لایەنی پەیوەندی نێوان ڕستەو واتا ، تالب حوسێن ، نامەی دکتۆرا .

٥_ پوختەیەکی وردی ڕستەسازی، عبدوڵڵا حوسێن .

٦_ ڕستەسازی ڕۆنانکاری و گوێزانەوە، عەبدولواحید موشیر دزەیی.

٧_ سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا، کوردستان موکریانی .

٨_ بواری زمانەوانی و ئاستەکانی شیکردنەوە ، وریا عومەر ئەمین، کۆواری ئەکادیمی، ژمارە ( ٥ ) .

٩_ فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، ئەورحمانی حاجی مارف.

١٠_ زمانناسی، سەلام ناوخۆش.

١١_ ڕیزبوونی کەرستە لە زمانی کوردیدا، ئاواز حەمە صدیق بەگیخانی.

١٢_ داڕمانی زمان، نەخۆشیەکانی زمان و چارەسەرکردنی، وەرگێڕانی: أمیر محمد محمدأمین.